# گەشتێک بە مێژوو و ڕامانی یارساندا

# گەشتێک بە مێژوو و ڕامانی یارساندا

نووسین و تۆژینەوە: محەممەد موراديی (باقلاوایی)

(کۆمەڵێ بابەت و بۆچوون لەسەر هزر و بیری یاری بە هەڵسەنگاندن لەگەڵ هەندێ هزر و بیری دیکەدا)

سرشناسه: مرادی، محمد، ۱۳۶۵ ❊ عنوان و نام پدیدآور: گەشتیک بە میژوو و رامانی یارساندا: کومەلی بابەت و بو چوون لەسەر هزر و بیری یاری بە هەلسەنگداندن لەگەل هەندی هزر و بیری دیکەدا/ نووسین و توژینەوە: محەممەد مورادی (باقلاوایی) ؛ پیداچوونەوە ئیبراهیم مورادی. ❊ مشخصات نشر: سنندج: کانی کتیب، ۱۳۹۶. ❊ مشخصات ظاهری: ۱۰۶ ص.؛ ۹/۵×۱۹ سم. ❊ شابک: ۱-۰۸-۸۷۹۷-٦٠٠-۹۷۸ ❊ وضعیت فهرست نویسی: فیپا ❊ یادداشت: کردی. ❊ موضوع: آداب و رسوم و زندگی اجتماعی ❊ موضوع: Kermanshahan (Iran: Province) -- Social life and customs ❊ موضوع: اهل حق -- ایران ❊ رده بندی کنگره:۱۳۹۶ ۹گ۳۶م/BP۲۴۱/۴ ❊ رده بندی دیویی: ۲۹۷/۵۳۸۷ ❊ شماره کتابشناسی ملی: ۴۹۱۰۴۸۵

# گەشتێک بە مێژوو و ڕامانی یارساندا

**نووسەر:** محەممەد مورادی(باقلاوایی)

پێداچوونەوە: ئیبراهیم مورادی

**پەڕەڕازێن:** ئەمیر نەحوی

**ڕووبەرگ:** چیا فەتحی

**بڵاوگە:** کانی کتێب

**چاودێری چاپ:** شوان تاهیری

**نۆرەی چاپ:** یەکەم ۱۳۹۶

**ئەژمار:** ۱۰۰۰

**نرخ:** ۵۰۰۰ تمەن

**شابەک:** ۱-۰۸-۸۷۹۷-۶۰۰-۹۷۸

**ناوەندی بڵاوکردنەوە:** سنە، پاساژی عێزەتی، پەخشانگای کانی کتێب

+۹۸-۸۷-۳۳۱۵۲۵۶۸

+۹۸-۹۱۸۱۷۱۷۲۵۷

kani.kteb@gmail.com

پێشکەش بە:

هەموو بیرێکی ئازاد و کراوە

## پێرست


پێشەکی ........................................ ٩
مێژووی سەرهەڵدانی شۆپی یارسان یان ئەهلیھەق ١٣
سوڵتان ئیسحاق و ئۆلی یارسان.............. ٢٣
جامەپۆشی ................................ ٣٣
دۆنادۆن یان گوورانی ڕۆح لە ڕوانگەی یارسانەکانەوە. ٣٥
سەرسپێری و جەوزشکنان.................. ٤١
ڕۆژووی مەڕەنۆ و جێژنی خاوەنکار ........... ٤٧
سوێڵ و ڕوانگەی یارسان لەمبارەوە............ ٥٥
ئافراندن لە ڕوانگەی یارسانەوە............... ٥٩
حەفتەن یان حەوت ئەمشاسپەندی یارسان........... ٧٣
چوارچێوە و کۆڵەکەی ئایینی یارسان.............. ٨١
قوربانیکردن لە ئۆلی یارساندا.................. ٨٧
ئامێری مۆسیقا و ڕوانگەی یارسان لەمبارەوە......... ٩٣
سەرچاوەکان................................ ١٠١

# پێشەکی

ئایینی یارسان وەک ئێزدی و هەندێ ئۆلی دیکە، پاشماوەی میتراییە و پێش زایین واتە بەری هاتنی مەسیح، هەموو ئارییەکان لە سەر ئایینی میترایی بوون و ئەم ئایینە گرێدراوی یەزدان و خودا بووە؛ هەربۆیە لە باری مێژینەی خوداپەرستییەوە گەلێک لە زەردەشتیش کۆنترە. میتانییەکان کە هەندێ لە مێژوونووسان وەک باوانی کورد دەیانناسن، لە سەر ئۆلی میترایی بوون و دواتر میدییەکانیش لە سەر هەمان ڕێچکە سەریان بەست بە یەزدان پەرستییەوە و کردیان بە ئۆلی سەردەست لە نێو دەسەڵاتەکەیاندا. پاشماوەی ئایینی میترایی لەم ئایینە کوردەییەدا بە ڕوونی بەرچاو دەکەوێت؛ کراس گۆڕی یان دۆنادۆن، باوەڕ بە دوو هێزی هەڤدژ(خێر و شەڕ)، هەروەها پیرۆزی ئاگر، ڕۆژ و دانانی قوربانی بۆ ئەوانەی

له ژیان‌دا نەماون لەو نەریتانەن کە لە مێژەوە هەتا ئەمڕۆ تاکی یاری لەو ئایینە کۆنەوە بە میراتی وەرگرتووە و بە شوێن خۆیا کێشی‌کردووە.

هاوبەشی ئەم پیرۆزییانەی یارسان لەگەڵ ئێزدی و مەزدەکی و هەلاوی یان درووزییدا پیشاندەری ئەوەیە کە لە ڕابردوودا ئەم هەرێمانە لە سەر یەک ئایین بوونە و لە یەک چاوکە تینوویەتی ڕۆحی خۆیان دەشکاند، ئەگەریش ئێستاکە جودایی سادە و ساکار لە نێوانیاندا هەبێت، هی دوورکەوتنەوەیە لە باری جوگرافییەوە؛ چونکە بە هاتنی ئیسلام لێک دادەبڕێن و بە گوێرەی پێویستی ڕۆژ هەندێ شتیان لەگەڵ ئایینی سەردەست یان هی دراوسێکانیان ڕێکخستووە.

یارسان کە لە بڕێ شوێن بە کاکەیی بەناوبانگن ئۆلی یەکتاپەرستییە و باوەڕیان بە خودای تاک و تەنیا هەیە، ئەڵبەت نە لە سەر ڕێبازی مزگێنی و هاتنی پێغەمبەرێ کە فەرمانێکی یەزدانی بهێنێت. ئەوان وەک ئێزدییەکان لە سەر ڕێبازی ئەو حەوت پیرەن کە بە وردبوونەوە لە ژیان هەموو پێویستی و حەوجەی خەڵکیان لە بازنەی کەلامی پیرۆزدا دارشتووە و کردوویانە بە ڕووناکی ژیان بۆ تاکی یارسان. لەم ئۆلەدا ترس لە مردن کەمڕەنگە و

به هۆی باوەڕ بە دۆنادۆن و هاتنەوەیان بۆ دنیا لە کراسی دیکەدا ئیدی هیوابڕاو نین کە لە بەرزەخ بمێننەوە هەتا پەسلانیۍ، چونکە سەرلەنۆ پاش مەرگ لە بەرگی دیکەدا دێنەوە دنیا و ژیان دەست پێدەکەنەوە هەتا ڕۆحیان پاقژ دەبێتەوە، یانی چەرخەی ژیانی تاک قەد ڕاناوەستێت و لە گەڕ و سووڕ ناکەوێت.

لە کن یارسانەکان بناغەی خێر و شەڕ خودایە و هەموو شتێ لەویوە سەرچاوە دەگرێت و مرۆڤ بە ئاوەز و تێگەیشتن یەکێک لەو دوو ڕێگەیە بژاردە دەکات، هەربۆیە لەم شێوازەشیاندا وەک ئێزدییەکان وەهان و ئەم لێکچوونەش نیشانەی ئەوەیە کە بنەمایەکی هاوبەشیان هەبووە. ئەڵبەت هەندێ لە زاناکان و مێژوونووسان بڕوایان وەهایە کە یارسانەکان پاشماوەی خوڕەمدینەکانن، چونکە ئەمانیش وەک ئەوان سوێڵیان هەیە و ڕیشیان ئەتاشن کە هەمان دروشمە کەوا قەلەندەرییەکان بۆ دژایەتیکردنی نەریتی عەرەب کە سوێڵیان ئەتاشی و ڕیشیان دەهێشتەوە. هەروەها کێشی هەڵبەستەکانیان کە لە خشتەیکی ئازادی شێعری پێش ئیسلامدا خۆی دەبینێتەوە، ئەوە پیشان ئەدات کە بە هەموو کاریگەریێ کەوا ئیسلام لەم ئایینەدا کردوویە هێشتا هەر ڕوومەتی

سەرەکی کەونی خۆی پاراستووە. ئەگەرچی ڕای جیاواز لە سەریان هەیە کە بۆ کام بنەڕەتی ئایینی دەگەڕێنەوە، بەڵام ئەمان بە زۆری خۆیان وەک ئایینێکی سەربەخۆ دەناسێنن کە هەر لە سەرەتای دنیاوە هەبوونە.

# مێژووی سەرهەڵدانی شۆپی یارسان یان ئەهلیحەق

زۆربەی توێژەران و مێژوونووسان لەو بڕوایەدا بوون کە ئەم ڕێبازە لەگەڵ ئێزداتیدا کەوا ڕێگە و ڕێچکەیکی وەک یەکن، بگەڕێننەوە بۆ پێش ئیسلام و تەنانەت پێش هزری مانەویەت و مەزدەکی، ئەڵبەت کەسانێکیش هەبوون کە ئەهلیحەقیان بە شیعەی دوازدە ئیمامییەوە دەبەستەوە. بەڵام بە گوێرەی ئایەتەکانی قورئان کە بۆ تاکی موسڵمان ڕێگە و بەرنامەی داناوە، دەبێت نوێژ بخوێنێت و بەڕۆژوو بێت؛ تەنانەت وەک سنووری نێوان دین و کوفر دایناوە، کەچی ئەمان بە شێوەی ئیسلامی ئەم داڕێژە پەیڕەو ناکەن هەر بۆیە لە بازنەی ئیسلامدا جێگە ناگرن بەڵکوو زۆرتر وەک ئایینێکی سەربەخۆ ئەژمار دەکرێن. دۆنادۆن یان شێوازێک لە تەناسوخ کە

مێژوویێکی دوور و درێژی لە دیرۆکی ئایینی مرۆڤدا هەیە، بە جوانی لە نێو ئەم ئۆڵەدا جێگەی خۆی کردۆتەوە کەچی لە ئایینی ئیسلامدا بۆچوونێکی قەدەغەیە و ڕەتیش کراوەتەوە، بەڵام چون «غۆلاتی» شێعە بڕوایان لەسەر ئەم بابەتە هەبوو ئەم بۆچوونەی دروست کرد، ئەگەرچی زۆر شتیان لێکدەچێت و تەنانەت لە نێوان دوو تاقمی شەمسیە و قەمەریەی نۆسەیریدا ڕامانی هاوشێوە لەگەڵ یاریدا زۆرە، بەڵام ئەمە نابێتە هۆی ئەوە کە بە ئیسلامیان دابنێین.[1]

ئایینی یارسان یەکێکە لە ئۆڵە کۆنەکانی کوردستان و بە زۆریش پاڵی ئەدەن بە ناوچەی گۆرانەکانەوە و ئەم هەرێمە بە زێد و پێگەی ئەم هزرە دادەنێن و هەرێمی گۆرانەکان زۆر شوێن لە کوردستان دەگرێتەوە.[2] دەتوانین شوێنی ژیانی ئەم گۆران‌گەلە بە ناوەندی کوردستان لە

١. بابەتێک لە سەر کلتوورەکان؛ کلاوس موولێر، کە لە پەرتووکی ڕوانینێک گۆترەیی بە فەلسەفەی یارسان، لە نووسینی دکتۆر گوڵمۆراد موڕادی باس کراوە.

٢. گۆران بەو کەسانە ئەڵێن کە خاوەنی گۆی زەوین و ئیدارەی ئەکەن، سوڵتان و خاوەنکاری هەستی، ئاگرین و ئاگر خۆشەویست کە ناوی هۆزێکی ئارياییش بووە؛ ئەڵبەت لە نێو خەڵکی بەگاور و گەورەیش مانا دەکرێتەوە.

باشووری سلێمانییەوە هەتاکوو باشووری سنە و بەرزاییەکانی دالاهۆ هەتا سەرپێڵزەهاو و باکووری خانەقین، هەروەها تەوێڵە و بیارە و هەڵەبجە دیاری بکەین؛ ئەڵبەت بازنەی ژیانی گۆرانەکان وەک کۆنترین خەڵکانی زاگرۆس سەرتر لەم چوارچێوە باس کراوە و پێدەچێت کرماشان و سنەیش شوێنی ژیانی ئەمانە بووبێت کە بە هۆی کۆچ و ڕەو بۆ ناوچەکانی دیاربەکر، دێرسیم، وان، حەکاری، مووسڵ، کەرکووک و هتد ژمارەیان دابەزیبێت و ئێستاکە لە ناوچەکانی ناوینی هۆرامان کۆ بوونەتەوە. ئەڵبەت لە وڵاتانی هیندستان، پاکستان، ئەفغانستان، ئێراق، سووریە، تورکیە و لوبنانیش هەن.

هۆرامان لە ڕابردوودا بە هۆی ئەزمەی خۆجێ بوون هەمیشە زەمینەی لەبار بووە بۆ گەشە و نەشە لە هەموو بارێکەوە، هەروەها بە بۆنەی سروشتی سەخت و هەڵەمووتەوە کەمتر کەوتۆتە بەر هرووژمی داگیرکەران، هەر بۆیە تەواوی ڕێبازی هزری خۆی بۆ ماوەیکی دوور و درێژ پاراستووە و دۆخێکی باش و ئامادەی هەبووە بۆ شۆڕشی فیکری کە گرنگترین ڕووداوی هزری ناوچە کەوا نوێ، پێگەیشتوو و دوایین زاوزێی فیکری ئەویاش بووە یاری و باسی یارسانە کە وێڕای هەموو دژایەتی و

بەرهەڵستیی پەرەی بە برەودانی هزر و بیری خۆیدا. ئەم شۆڕشە بە سەرهەڵدانی سوڵتان ئیسحاقی بەرزەنجەیی بەهێزتر بوو و بەپێی بەڵگە و گەواهی کەلام و دەقەکانی یارسانی، هەروەها دەمباسەکان کەمتر کەسێک لە گەورە و ناودارەکان مابوون کە ڕوو نەکەنە ئەم ڕامانە نوێیە.

بە پەرەستاندی ئیسلام لە ناوچەکە، خەڵک لە ژێر کاریگەری کلتووری زاڵ و هەروەها ڕەمزیبوونی هزری یارسان و دژوارییەکەی؛ کە دەیخاتە ئەوپەڕی قورسی و پتەوی - بەزۆری ڕوو دەکەنە ئیسلام. کە ئەم کارە بەداخەوە دەبێتە هۆی ئەوەیکە نۆموسڵمانەکان لە ژێر پاڵپشتی دەسەڵاتی ئایینی نوێدا ئاژاوە بگێڕن و باسی لە دین لادان و زۆر لێکردنی خەڵک بۆ دان‌نان بە ئایینی خۆیان بکەن. هەر ئەمە بووە هۆی ئەوە زۆریّ لە یارسانەکان لە هۆرامان کۆچ بکەن و ڕوو بکەنە ناوچەکانی دیکە. دەڤەرەکانی دیکەی هۆرامان کە باسمان کرد و لە ژێر دەسەڵاتی یاریدا بوون بە هۆی دووبەرەکییّ کە هاتە گۆڕیّ دەستیان‌دایە خەباتێکی شارستانی و لە هەمبەر بشێوی نانەوەی نۆموسڵمانەکان دەستیان‌کردە کۆچ‌کردن لە زێدی خۆیان، کە ئەم خەباتە بە جۆرێک پشت‌کردن لە کلتووری خۆیی بوو هەتا ئەو جێگە ئیدی یارسان بە

هۆرامی قسەی نەدەکرد و زمانێکی دیکەی دەنایە جێگەی زمانی خۆی، وەک یارسانەکانی نیشتەجێی ئێراق؛ کەوا کەس لەوان بە هۆرامی قسە ناکات. کۆڕەوی یارسانەکان لە هۆرامانەوە دەبێتە هۆی ئەوە کە ئەم ناوچەش لە خەڵکی چۆڵ بێت؛ هەر ئەم کێشەیە دەبێتە هۆکار کەوا هۆرامانێکە سەردەمانێ دڵی فەرهەنگ و ئەدەب و هەموو شتێکی کوردستان بوو و خۆیای دەکرد لە لوڕستان هەتا موکریان، بەرەبەرە بەربڵاوی خۆی بدۆڕێنێت. ئەڵبەت ڕەنگە ئەم تەق و ڕەوە یەکپارچەیی یارسانی تێکدابێت، بەڵام لە ڕاستیشدا بوو بە هۆی ئەوە کەوا ئەم نەریت و کلتوورە بۆ ناوچەکانی دیکە بگوێزرێتەوە و پەرە بستێنێت، ڕەنگە ئەگەر ئەم کۆڕەوە ڕووی نەدابا، قەد هزری ڕێگەی هەق نەدەگەیشتە باکووری کوردستان و ئەوپەڕتر کە ئێستاکەش وەک هزر و بیرێکی زیندوو لەو هەرێمانە هەر شوێنکەوتووی خۆی هەیە و لەوەتی لەوێدا جێگیر بووە هەتا ئەمڕۆ هەر لە سەر پێیە.

گۆرانەکان پاش جودایی لە زێدی خۆیان و پچڕانی پێوەندییان لەگەڵ هۆرامان بە بۆنەی شەڕی ئۆلییەوە تووشی بەلاڕێدا چوونی زمانیش بوون و بە بۆنەی هاوسێبوون لەگەڵ ناوچە باشوورییەکانی کوردستان و

دووركەوتنەوە و دابڕان لە هۆرامان، تێکەڵبوونی زمانی و قەرزگرتنی وشە لە دراوسێکانیان هۆکار بوو بۆ ئەوەی ئیدی بە هۆرامی قسە نەکەن. ئەڵبەت کەسانێک هەن لە دەوروبەری ناوچەی گۆرانەکان کە هەنووکەش بە هۆرامی دەئاخڤن، وەک کەندۆڵە و گوندەکانی دەردۆری دینەوەر، گوندەکانی لای قەسرشیرین، بانزەردە لە ڕێژاوی دالاهۆ یان گەورەجۆ لە لای گاوارە....

هەروەها کە وترا خەڵکانی نیشتەجێی هۆرامان گۆران ئەژمار دەکرێن و ئەم چەمکەش بە چەند هۆ و هۆکار ڕەسەنە و دروستیشە. سەرەتا ئەوەیکە هۆرامان بەهۆی یەکجێگەنشینی پێشڕەوتر بووە لە قبووڵکردنی هزری زەڕدەشتی و شوێنەکانی دیکەی کوردستان وەک ڕابردوو لە سەر ئۆلی مێهرپەرستی بوونە کە ئاینی جەنگاوەری و کۆچ و ڕەو بووە، هەربۆیە وشەی گۆران کە هەمان گاوران(گەبران) یان ئاورپەرستانە پێیان ئەدرێت، بۆیە پاراستنی وجاخی ئاور تایبەتی خۆجێیەکانە. ئەم ناوە دوای موسڵمان بوونی خەڵکانی هۆرامان لە سەر یارسانەکان دەمێنێتەوە، بۆیە یارسانەکان لە قبووڵکردنی ئیسلام مل بائەدەن و لە سەر ئایینی پێشووی خۆیان دەمێننەوە، چونکە گرنگترین ڕووداوی مێژووی ئەم ناوچەیە

سەرهەڵدانی هزری یارسانە و زۆربەی توێژەران وشەی گۆران بە هەمان یارسان دەزانن لە حاڵێکدا ئەمڕۆکە وەها نییە چون هەن کەسانێک گۆرانن، بەڵام یارسان نین.[١]

ڕەوتی گۆڕانی ئەم وشەیە (گۆران) لە درێژەی مێژووودا مانای جیاواز لەخۆ دەگرێت بە جۆرێکە پێش ئیسلام گۆرانیان بە خەڵکانی نیشتەجێی هۆرامان دەوت کە خاوەنی تایبەتمەندی پێناسە بوون لە باری کلتوور، بیر و بڕوا و زمانەوە و تەواویەتی یەک هۆزی لەخۆ دەگرت. ئەم تایبەتمەندییە هەتا سەدەی حەوتەم هەر مایەوە و لەم چاخەدا وشەی گۆران بە شێوەی تایبەتی لە دەقەکانی یارساندا دەبینین، هەتا ئەو جێگەیە یەکێک لە مامۆستاکانی سوننی بە ناوی عابدینی جاف دەبێتە یارسان و بە سوڵتان ئیسحاق دەڵێت: «من ئەو کوردم تۆ ئەو گۆران» ئەڵبەت ناتوانین مکوڕ بین لە سەر ئەوە کە بانگ‌کردنی سوڵتان ئیسحاق بە گۆران بە بۆنەی زمانەکەیەوە بووە یان ئەوەیکە ئایینێکی جودا لە ئیسلامی بووە، بەتایبەت ئەوەیکە هۆرامان هەتا سەدەی هەشتی کۆچی موسڵمان نەبووە و یەکەم نوێژی بەکۆمەڵیش کە

١. کلتووری ئۆرمەن یان ماچۆ؛ تەیب تاهێری، وەرگێڕانی بۆ کوردی: محەممەد موورادی، پوختەیەک لە دەقەکە.

تێدا کرا مەولانا گوشایش خوێندی. دەوترێت کە خەڵکی هۆرامان لەو کاتەدا لە زاناکانی خۆیان ئەپرسن: «قروونی قەدیما یان مارەفەتەو پیرشالیار»، زاناکانیش لە وڵامدا دەیان‌وت: "مارەفەتەو پیرشالیار قەدیما، قروونی هیزیکە گوشایشە کۆرە ئاوەردەنش".(یاسمی رشید ،١٣١٦: ١٢١. محمد مردوخ،١٣٩٥: ١٢٨)

بە هەر شێوازیک ئەگەر هەرکام لەم دوانە بکەینە بناغەی ناولێنان، پاش دەرچوونی شاوەیس‌قولی[١] لە هۆرامان ئیدی وشەی گۆران بەکار نەهات بۆ کەسێکی بەدەر لەم شۆپە یان هۆرامی زمان، تەنانەت لە دەقەکانی کەلامیشدا گۆران تەنها بۆ هەشت هۆزی نیشتەجێ بەکار هاتووە کە لە ناوچەکانی شەهاباد و کرێند و دەوروپشتی بڵاوەیان کردووە و بریتین لە: گاوارەیی، قەڵخانی ئێسپری، قەڵخانی بەهرامی، تفەنگچی، تایشەیی، دانیالی، بیبیانی و نەیریژی.  ئەمە هۆکارە بۆ ئەوەی ئێستاکە نەتوانین وشەی گۆران بۆ هۆرامانی ئێستا بەکار بێنین، کەچی گۆران بە واتای خەڵکانی ناوەندی کوردستان بووە کە لە

١.شاوەیس قولی یەکێک لە حەوت دۆنی خودایە. دەڵێن خودا حەوت جار لە لەشی ئادەمیزاددا دۆن بووە کە بریتین لە: خاوەندکار، عەلی، شاخوەشین، سوڵتان ئیسحاق، شاوەیس قولی (قرمزی)، محەممەد بەگ و خان ئاتەش.

لوڕستانەوە هەتا موکریانی لەخۆ دەگرت.

میژووی یارسان لە سەرەتای هاتنی ئیسلام هەتا ئەمڕۆ دەبێتە چوار قۆناغ، کە هەر قۆناغێک تایبەتمەندی خۆی هەیە؛ لە مەودای هەرکام لەم قۆناغگەلەدا دەرویێشگەلێکی خاوەن کەرامەت هاتوونە و بە شاراوە خەریکی پڕوپاگەندەی ئایینی یاری بوونە. بە گوێرەی بڕوای یارسان لە سەرەتای ئافراندنەوە هەتا ئەمڕۆ، زاتی خودا لە قۆناغی جیاوازدا لە دەروونی هەندێ لە ئافرێنراوەکاندا خۆی پیشان داوە، بەڵام ئەو سەرهەڵدانە کە هەزار و یەک دوون ئەژمار دەکرێت مەبەست فەلسەفەی مانەوەی جیهانە. یەک دەوری تەواو لە دۆنادۆندا کە خودا لەگەڵ فریشتەکاندا لە سەر زەوی ئامادەیە و هەتا ئەمڕۆ پێنج دەورەی تەواو لە ڕووی ئەم زەمینە ڕووی‌داوە؛ دەورەی (ئادەم، ئیمام عەلی، شاخوەشین، سان سەهاک و سەی حەیدەر ناسراو بە ئاسەی براکە) کە هەتا ئێستا ئاسەی براکە ئاخرین کەس بووە، بەڵام دوایین کەسیش نییە و کەسانێ دێن کەوا پێوانەیان لە هەق لیپ بێت، چونکە دەڵێن ئەبێت ٩٩٦ جاری دیکە خودا لە ڕووی زەمیندا خۆی پیشان بدات و لە دیوانی گەورەیدا هەڤاڵانی ڕاستی و حەقیقەت ئامادە بن. بۆ ئەوەیکە میژووی پەیدا

بوونی یارسان هاوکات لەگەڵ تەواو بوونی شەریعەتدا دەست پێدەکات کەوایە قۆناغی یەکەم: دەبێتە سەردەمی مزگێنی خودا لە دەروونی ئیمامی عەلی هەتا سەرەتای سەدەی پێنجەمی کۆچی مانگی واتە سەرهەڵدانی شاخوەشین لوڕستانی.

دووهەم: لە ناوەڕاستی سەدەی پێنجەم هەتا نیوەی دووهەمی سەدەی حەوتەمی کۆچی مانگی لەخۆ دەگرێت.

سێهەم: سەرەتای سەردەمی سان سەهاک یانی کۆتایی سەدەی حەوتەمی کۆچی مانگی هەتا سەدەی سێزدەهەم کە ڕێکەوتە لەگەڵ سەرەتای سەدەی نۆزدەی زایینی.

چوارەم: لە ناوەڕاستی سەدەی سێزدە هەتا هاتنی ئاسەی براکەی گۆران کە بە دەورەی یەرێتەن بەناوبانگە.(گلمراد مرادی،١٩٨٦: ٨)

## سوڵتان ئیسحاق و ئۆلی یارسان

لە نێوان هۆزە کوردەکاندا یارسان و ئێزدی کە لە یەک ڕیشەن، لە هەمووان زیاتر توانیویانە یەکێتی خۆیان بپارێزن و پێش بە دووبەرکی و شپرزەیی ناوخۆ بگرن، ئەگەرچی گومانی تێدا نییە کە ئایینە کۆنەکانی ئێرانی کۆن وەک زەردەشتی، مانەوی و مەزدەکی، هەروەها دواتر باندۆری ئیسلام و جوولەکە و خاچپەرستیشی هاتە سەر و بوو بە ئایینێکی تێکەڵ، بەڵام ئەو چوارچێوە سەرەکییەی خۆی هەر پاراست. (امین زکی،١٩٦١: ٢٨٩. یاسمی،١٣١٦: ١٢٤)

یارسان ئەگەرچی کاریگەری هەرە زۆری زەردەشتی و میترایی تێدایە، بەڵام بە تێپەڕینی کات بۆتە ئۆلێکی سەربەخۆ و وەک هزرێکی پوخت و پەتی کوردی لێهاتووە و تەنانەت بۆتە جیاوازتر لە زەردەشتیش. بە

گوێرەی بەڵگە و سەرچاوەکان ئەم ئایینە لە سەدەی دوو و سێی کۆچیدا لە ڕێگەی بەهلوولەوە لە نێوان بەشێک لە خەڵکی کرماشان و خانەقین بڵاو دەبێتەوە.(صدیق صفیزادە،١٣٥٧: ٧)

پاش کۆچی سوڵتان و هەڤاڵانی لە بەرزنجەوە بۆ پردیوەر، ئیدی سەردەمی پردیوەری دەست پێدەکات و تەواوی کەلامەکانی ئەو چاخە بە کەلامی پردیوەری بەناوبانگن و دەبن بە سێ بەشەوە کە سێسەد ساڵان درێژەی دەبێت؛ بەشی سەرەتا چاخی یەکەمی پردیوەرە کە سەرهەڵدانی سان سەهاکە، بەشی دووهەم سەردەمی جێنشینی بابا یادگار و شا ئیبراهیمە، بەشی سێهەمیش سەردەمی سەرهەڵدانی هیمی دووهەمی سوڵتان ئیسحاق واتە شاوەیسقولییە کە ناسراوە بە قرمزی(سوورە). جێگای باسە کە تەواوی کەلامەکانی ئەم سەردەمە بە سەرئەنجام ناوی دەرکردووە.(طاهری طیب،کشکول٧. ١٣٩٦: چ. مطلب)

لە سەدەی حەوتەم و هەشتەمی کۆچی بە هۆی شەڕ و بشێوی لە ناوچە کوردییەکان و هەروەها ئێرەیی‌بردنی براکانی، سان سەهاک وەها لێدەکات کە زێدی خۆی بەرزەنجە بەجێ بهێڵێت و لەگەڵ هەڤاڵەکانیدا بەرەو

هەرێمەکانی هۆرامان و جوانرۆ و گۆران کۆچ بکات و لە گوندی شێخان کە دەکەوێتە باکووری ڕۆباری سیروان لە دەڤەری پردیوەری هۆرامان بگیرسێتەوە. سان سەهاک وەک بووژێنەرەوەی ئۆلی یارسان ناسراوە و بە گشتگیرکردنی ئەم ڕێبازە لە نێو خەڵکیدا هزری یارسانی کردە ڕێچکەیکی بەربڵاو و یەکگرتوو کە ئەم شۆڕشە بوو بە هۆی ئەوە کە شوێنکەوتووانی یارسان یەکدەست بن و ڕامانەکەیان یەکقەوارە بکەن. (صفیزادە، ۱۳۶۱: ۲۴)

سوڵتان ئیسحاق کوڕی شێخ عیسا کوری باباعەلی هەمەدانییە کە یەکێک لە ناودارانی سەدەی حەوتەم و هەشتەمی کۆچی بووە و دایکیشی دایە دایراکی ڕەمزبار کچی حسێن بەگ بووە. لە سەر ڕۆژی لەدایکبوونی ڕای جیاواز هەیە؛ هەندێ کەس ساڵی ۴۴۵ و ۵۲۸ کۆچی دائەنێن و هەنێکی دیکەش ساڵەکانی ۶۵۰ و ۶۱۲ کۆچی ڕەچاو دەکەن، ئەڵبەت کۆمەڵێک دەڵێن سەرەتای سەدەی حەوتەمی کۆچی لە دایک بووە. بەس یەک شت کە مێژوونووسەکان زۆر بۆی دانەچوونە و هەتا ئێستاش هۆی هەڵە و هەڵەنووسی بووە لەم بوارەدا، ئەوەیە کە ئێمە دوو کەسمان هەیە بە ناوی باباعەلی هەمەدانی کە لە دووسەدەی جیاوازدا ژیاون؛ یەکەم:

باباعەلی هەمەدانی باوکی مووسا و شێخ عیسای بەرزنجی و باپیرەی سان سەهاک، کە لە مەودای ساڵەکانی ٥٠٠ هەتا ٥٦٠ ژیاوە. دووهەم: بابەعەلی هەمەدانی دیکە کە لە ٧١٤ی کۆچی هەبووە و کوڕی شەهابەدین‌حسێنی کوڕی سەی محەممەدی هەمەدانی بووە و هەر ئەمە بۆتە هۆی هەڵەی زۆربەی نووسەران و توێژەران کە ڕایان وایە لە ٧٥٠ی کۆچی لە دایک بووە و دەڵێن لە نۆ پشتدا دەگەیێتەوە بە ئیمام مووسای کازم کە لە ساڵی ١٨٣(ک) مردووە، بەڵام ئەگەر مەودای نێوان هەر پشتێ بە ٤٠ هەتا ٤٥ ساڵ دابنین، ڕۆژی مەولوودی سان سەهاک دەبێتە ٥٨٠ی کۆچی.(م. قبلی: ٢٥ و نوشتەهای سیروان داریانی).

کۆنترین سەرچاوە کە باس لە سان سەهاک دەکات دەستنووسەکانی کاکە ڕەدائیبە کە وێدەچێت لە سەدەی نۆیەمی کۆچیدا نووسرابێت. کاکاڕەدائی ڕۆژی لەدایکبوونی سان سەهاک ساڵی ٤٤٥ی کۆچی دادەنێت و دەنووسێت: لە منداڵیدا لە خزمەتی مەلا ئێلیاس شارەزووری فێری خوێندن و نووسین بووە و پاشان دەڕواتە نیزامیەی بەغدا و خوێندەواری تەواو دەکات، دواتر دەڕواتە شام و لەوێشەوە بەرەو مەکە و مەدینە ئەڕوات و نەریتی

حەج و عەمرە پێکدێنێت، دوای قەیری دەگەڕێتەوە بۆ زێدەکەی خۆی بەرزنجە و مزگەوتێ ساز دەکات و تێدا خەریکی ئامۆژگاری خەڵک دەبێت. لەم کاتەدا ئەبێت کە باوکی دەمرێت و چون زۆریش لەگەڵ براکانی لە باری بیروڕاوە یەکیان نەدەگرت بەناچاری بەرەو گوندی شێخان کۆچ دەکات و لەوێ ئۆلی یارسان زیندوو دەکاتەوە، هەتا ئەوەیکە لە ساڵی ٥٨٨ کۆچی لە تەمەنی ١٣۴ ساڵیدا هەر لەم گوندەدا دەمرێت. (صفی‌زادە،١٣٥٧: ٢٢)

ئەڵبەت لە نێوان ئەم دوو دەستنووسەدا مەودایکی دوور و درێژ هەیە کە وەک ئاسمان و زەوی وایە، بەڵام «داریانی» پشت بە بەڵگەیێ دەبەستێ لە کەلامی خەزانە و دەڵێت: پیرشالیاری سێهەمی هۆرامی ناو و دەنگی سان سەهاک دەبیسێت و دێت بۆ گوندی شێخان، ئەویش کەوا و کۆڵنجەی گەورەیی و ئیرشادی پێ دەبەخشێت و ئەم هاتنەی بۆ لای سان لە نێوان ساڵەکانی ٥٨٠ هەتا ٦٣٨ /٦۴٠ کە ساڵی کوژرانی سان سەهاک بووە ڕوویداوە. « لە پەرتووکی ڕوانینێکی خێرا بە سەر مێژوو و فەلسەفەی یارساندا» سەبارەت بەم بابەتە باسێک هاتووە کە دەڵێت تەیمووری لەنگ ساڵی ٧٨٨ی کۆچی، پاش شکست پێ‌هێنانی ئەتابەکانی لوڕ و داگیرکردنی خوڕەماوا

له سەر ڕێگەی بۆ تەورێز لە هەورامان لائەدات و ئەڕواتە خزمەتی سان سەهاک. جگە لەم مژارە ئەگەر ون بوونی یان غەیبەتی شاخوەشین ساڵی ٧٦٤ کۆچی بووبێت و لە نێوان سەردەمی ئەم و سان سەهاکدا سێ دەروێش سەریان هەڵدابێت و تەمەنی هەرکام لەمانە پەنجا هەتا شەست ساڵ دابنێین ڕۆژی لە دایکبوونی سان سەهاک دەبێتە ساڵەکانی ٦١٧ هەتا ٦٤٧. بەم حیسابە نزدیک دوو سەدە لەگەڵ ئەو بەروارەی پێشوودا جیاوزای هەیە و ئەمەش دوور لە ڕاستییە.

حاجی نێعمەت جەیحوونابادی لە شانامەی حەقیقەتدا دەورەی سان سەهاکی لە نێوان ساڵەکانی ٦١٢-٩١٢ داناوە و دەڵێت: (گلمراد،١٩٨٦: ٧٢-٧١)

نخستین ظهور همان شاه دین
به تاریخ هجر رسول امین
سنه بد بر ششصد ده و دو چنین
که شه گشت ظاهر در آن سرزمین
از آن پس به سه صد سال بد در جان
پس از آن چو خورشید گشتی نهان

لە کارە گرنگەکانی سان سەهاک ڕێکخستنی بنەماڵەی یارسانی بوو کە لە هەر ماڵباتێکدا دەبوایە تاکی

ئەو بنەماڵەیە خۆیان سپاردایتە پیر و دەلیلێک و بۆ داب و نەریتی ئۆلی دەستیان پێوە بگرتایە. پیر گەورەتر لە دەلیلە و ئەم کەسە لە مەراسمی سەرسپاردندا تەنها پلەیکی تایبەتی هەیە و بەس. ئەم نەریتە هێندە گرنگە کە خودی سان سەهاک بۆ ئەنجامدانی سەرسپێری پیر بنیامینی بە پیری و داودی بە دەلیلی خۆی هەڵبژارد. (سید م.علی.١٣٤٩: ١٧٠)

سان سەهاک حەوت بنەماڵە بە ناوەکانی؛ شابرایمی، یادگاری، خامۆشی، عالی قەلندەری، میرسووری، مستەفایی و حاجی باوەیسی دروست دەکات و پاش ئەویش بە گوێرەی پێویست لە سەدەکانی یازدە و دوازدەی کۆچیدا ماڵباتەکانی ئاتەش بەیگی، شا هەیاسی، زەنووری و بابا حەیدەریش پێکدێن. گەورەی ئەم بنەماڵانە بە سادات ناوبانگیان هەیە و سەیدیش بە کەسێک دەڵێن کە لە نەوە و نەتیجەی ئەم ماڵباتانە بێت. ئەڵبەت لێرەدا ڕوونە کە وشەی سەید ئیسلامیە و کاریگەری نەریتی موسڵمانەکان بە تایبەت هزری شیعەی پێوە دیارە. بە پێچەوانەوەی موسڵمان سەید لە لای ئەمان بە کەسانێک دەڵێن کە لە وەچەی ئەم ماڵباتانە بێت، کەچی لە ئیسلامدا بۆ کەسانێک بەکار دێت کە لە تۆرەمە و تۆی مندالانی پێغەمبەر کەوتبێتەوە.

گرنگترین کتێبێکە بە دەستی سان سەهاک و هەڤاڵانی نووسراوە پەرتووکی سەرئەنجامە. ئەم نووسراوە شەش بەشە کە هەر بەش و بڕگەیێ ناوێکی هەیە: ١. دەورەی حەوتەوانە ٢. بارگە بارگە ٣. گڵێم وەکۆڵ ٤. دەورەی چل‌تەن ٥. دەورەی عابدین ٦. کورتەی سەرئەنجام. بێجگە لەم کتێبانە نووسراوی دیکەش لە سەدەکانی دووهەم هەتا شەشەم و حەوتەمی کۆچی ماوەتەوە بە ناوەکانی « دەورەی باڵووڵ»، «دەورەی بابا سەرهەنگ»، «دەورەی شاخوەشین» و «دەورەی بابا ناووس» کە کورتەیکی لە نامەی سەرئەنجامدا هاتووە. «بابا سەرهەنگ» وەک زیندووکەرەوەی ئایینی یاری خۆی دەناسێنێ و دەڵێت:

«سەرهەنگی دەودان، سەرهەنگی دەودان

ئەز کە نامی من سەرهەنگی دەودان

چەنی ئێر مانان مەگێڵم هەردان

مەکۆشم پەرێ ئایینی کوردان»

(جەمال نەبەز،٢٠٠٨: ٣٥)

کتێبی دیکەش وەک؛ دەفتەری پردیوەر، دەفتەری ساوا، دەفتەری دیوانە گەورە، دەورەی دامیار، زوڵاڵ زوڵاڵ، دەورەی باباجەلیل، کەلام ئێل‌بەگی جاف، کەلام

شێخ ئەمیر، دەورەی حەیدەری بە شێوەی شێعر هۆنراونەتەوە(کورتە سەرئەنجام). کتێبی سەرئەنجام پڕە لە وروووژاندنی هەستی نەتەوایەتی و حەماسی کە بە شان و قۆڵی پاڵەوان و شەڕکەراندا هاتووە. سان سەهاک جگە لە هاندانی خەڵک بۆ ئەنجامدانی سێ بنەمای زەردەشتی، بەرەو کاری چاکە و بە جێگە هێنانی فەرمانی ئیزەدی، هەروەها پەرەپێدانی کشت و کاڵ و ئاژەڵداری بانگیان دەکات.

## جامەپۆشی

ئەم نەریتە لە ڕاستیدا بنەما و بنەڕەتی هزری یارسانە. بە گوێرەی نامەی سەرئەنجام هەر گیانداری نموونە یان بەرگێکە لە ڕۆحی گیاندارێکی پێش خۆی کە جامە وەک چوارچێوە و هەیکەلی ئینسانی کە دەگات بە گووران، نوور و پرشنگی ئیزەدی تێدا دەردەکەوێت و دەگاتە پلەی سەرهەڵدان یان مەزهەرییەت. لە بورهانی ئەلحەقدا هێما ڕۆحێکە کەوا لە ئاکامی پێواندنی پلەی دۆندا پاک و خاوێن بۆتەوە و بووە بە شوێنی ڤەدانی نووری ئیزەدی. جامە یان بەرگیش کە بە مانای پۆشین و پەرەپێدانە؛ بە ڕای یارسان ڕۆحێکە پیشاندەری گەورەیی ڕۆحێکی دیکەیە، کە هەردوویان لە عالەمی مانادا قۆناغی پێواندنی پێگەیشتنیان بە شێوەیکی یەکسان تێپەڕاندووە.

جامە یان بەرگ هەمان دۆنە و بە نەرینی یارسانەکان

مرۆڤ تێکەڵێکە لە فەڕی خودایی و ئەو وردە زاتەی کە لە خودا ماوەتەوە لە جەستەی مرۆڤدا بەردەوام لەلای چاکەکان و هەڵبژاردەکانەوە دێت و دەچێت و ئەم گەڕان و گۆڕانە پێ دەڵێن دۆنادۆن. (سرووده ئایینیەکان: ١٧٦)

بەرگ‌گۆڕین یان دۆنادۆن چۆن لە لای یارسانەکان بابەتێکی سەرەکی و گرنگە لە کن هندۆسی و زەڕدەشتیش بایەخی تایبەتی هەیە و بڕوایەکی مکۆمیان پێ هەیە، بەڵام لە نێو ئێزدییەکاندا بە تەواوەتی وەک یارسان باوەڕیان لە سەریەتی و تەنانەت قەولی تایبەت لەمبارەوە هاتووە کە ڕۆحی خاس و خۆڕاسی ئەوان لە جەستەی دیکەدا زۆر گەڕاوە و گۆڕانی بە سەردا هاتووە بۆ نموونە:

«ب عەلی ڕابووم، شەڕێ کفارێ
ب شیخادی ڕابووم ڕۆژا ل مغارێ
ب سلتان ئێزی ڕابووم ڕۆژا ل بەیت ل فارێ»

(کۆڤان خانکی، ٢٠١٦: ٢٦٠. خەلیل جندی، ٢٠٠٤: ٥٤٤-٥٤٣)

# دۆنادۆن یان گووڕانی ڕۆح لە ڕوانگەی یارسانەکانەوە

یارسان لە دوو وشەی یار و سان دروست بووە؛ یار واتە دۆست و سان یانێ یەزدان، سوڵتان، خۆرەتاو... واتە دۆستی خودا، یاری خۆرەتاو. یاری، ئایینی پانتاییزمە یانێ یەکێتی وجوود کە ڕێگە لە دۆنادۆندا خۆش دەکات و ئەم مژارەش لە لایەنی فەلسەفی و ئەقڵییەوە شایانی تاوتوێکردنە، دوون یان دۆن هەم لە تورکیدا هەیە هەم لە عەرەبیدا؛ کە مانای جیاواز دەگەیەنن. لە تورکیدا بە مانای جلوبەرگە و لە عەرەبیدا واتای خوارتر، کەمتر، پێشتر و پاشتر و هتد، بە کار دەبرێت، بەڵام زۆرتر هەمان مانای جلوبەرگ کاراترە کە لەم گۆڕانکارییەدا ڕۆح بەرگی جیاواز لەبەر دەکات. دوون لە جیهانبینی یاریدا تەنها یەک وشە نییە؛ بەڵکوو گەورەترین و

گرنگترین ئایدۆلۆژی عیرفانی و فەلسەفی ژیانی مرۆڤ دەربڕ دەکات. یارسانەکان ئەگەرچی چەند ناوی دیکەیان لێنراوە، بەڵام بە زۆری هەر بە یارسان ناسراون و وەک خۆیشیان دەڵێن:

وە حەفتا و دوو دین دینمان بەرکردەن

وە دینێ یاری سەرمان سپردەن

دوون قۆناغێکە کە تێیدا ڕۆح هەلی بۆ دەڕەخسێت لەو ڕێگەوە هەنگاوێک بەرەو بەدەست هێنانی گووران هەڵبگرێت و پلەیەک بەرەو بەختەوەری مرۆڤ نزیک بێتەوە. لە ئایینی یارییدا شتێک بە ناوی مردن و لە نێوچوون بوونی نییە و تەنها مرۆڤ جلی کۆنەی دائەکەنێت و جلێکی نوێ لەبەر دەکات. دۆنی هەر کەسێک پێویستە بە کردارییەوە و ئەگەر چاکەکار بێت دوای مردن و بەرگ‌گۆڕینەوە دەبێتە دۆنی کەسێک باش و چاک؛ ئەگەریش خراپ و گوناهکار بێت دەبێتە دۆنی کەسێکی پڕ لە دەرد و ئازار کە ڕەنگە بەرگی ئاژەڵێکی دڕندەش لەبەر بکات. بۆ نموونە ئەگەر منداڵێک نارەس و کەمەندام بێت ئەوە ڕۆحی کەسێکی خراپە کە دۆن بووە و بە چەندین سووڕ و گەڕ لەم خراپە دەرباز دەبێت. ئەم گەڕان و گۆڕانە لە بەرگی جیاوازدا هێمای مانەوەیە ئیدی

چاک یان خراپ بە بژاردەی خودی تاکەوە گرێدراوە کە چ ڕێگەیێک بڕوات، بەڵام شتێکی گرنگ هەیە ئەویش ئەوەیە کە دەکرێت لە یەک دەورە ژیاندا چەند بەرگ بگۆڕێت. (ناوکا، ١٩٩١: ٢٢٣)

دۆنادۆن گوورانی ڕۆحە لە هەزار و یەک ئێزی مرۆڤ، لە کرچ و کاڵییەوە بۆ پێگەیشتن، لە خوار و خێچیەوە بۆ بەرزبوونەوە و گەورەبوون... هەتا گەیشتن بە ئاستی بەرزی مرۆڤبوون. لەم گۆڕانەدا ڕۆح دەکەوێتە پێوەندی لەگەڵ هەموو بوونەوەرێک و هەزاران پلە دەپێوێت و لە هەموو قۆناغێکدا بە گوێرەی چۆنیەتی کرداری دەڕواتە قۆناغێکی دیکە هەتاکوو بە تەواوی خاوێن دەبێتەوە ئینجا بە شوێنی مەبەست دەگات.

هەزار و پانسەد دوون ئێز کردم گوزەر

دە قەوا جە ئینسان باقی جە حەیوان بڕینمش سەر

دوون لەگەڵ تەناسوخ یان کارمای هێندییەکاندا جیاوازە، چونکە لە کارمادا گۆڕانکاری نایتە گۆڕێ، بەڵام لە دووندا وەها نییە. ئەڵبەت مەبەست لە دوون و کارما و زیندووبوونەوە تەنها ئەوە بووە کە مرۆڤ دڵنیا بێتەوە کە دوای مردن ژیانی تەواو نابێت بەڵکوو گوزەرێک دەکات بۆ ئاستی بەرزی فرووهەری. شێخ ئەمیر لە کەلامی پیرۆزدا

دەڵێت: لە مەرگ مەترسن چونکە ڕازی خودایی تێدایە و وەکوو ئەوەیە مراوییێک بڕواتە ژێر ئاودا پاش ماوەییێک لە لایەکی دیکەوە دێتە دەر؛ ئەگەر مرۆڤ لە ژیاندا خاوێن بمێنێتەوە لەو کۆچەدا ترس بەرۆکی ناگرێت.

یاران نەترسان نی سیاسەتە
تەسلیمی گیانان چون غیوتی بەتە
هەرکە بناسۆ شۆنی جامەی وێش
نی کۆچ و ڕۆڕۆ نەیارۆ ئەندێش

بۆرەکەیی لە پەرتووکی «کاکەییەکان و ڕێ و ڕچەکەیان» پارچە هەڵبەستێک ئەهێنێت لە شاعیری سەدەی سێزدە(کۆچی) بە ناوی «قاسدی تووکانی» و لەمەڕ دۆنادۆن ئەڵێت:

مەردێ هەزار دوون پارە مەکەران
ئێدەن نیشانەی ئاخر یاوەران
هەزار و یەک دوون وە ئەمر سوڵتان
خاسانیچ ڕسگار مەلۆن ئەو جنان
بەدان سەرنگوون وە دۆزەخ و نار
وە قار و غەزەب مەون گرفتار

بە گوێرەی گاتی ٤٩ بەندی ١١ لە گاتاکانی زەڕدەشت باسێک هەیە سەبارەت بە دۆنادۆن کە تەنها ڕۆحی کەسە

خراپەکان و بەدکارەکان دوون دەبێت و دەڕواتە بەرگێکی دیکە کە هەر ئەمەش لە نێو کاکەیی و یارساندا هەیە و لەم ئۆلانەشدا هەر کەسانی خراپ ڕۆحیان دوون دەبێت، بەلاٚم لە ڕاستیدا سووڕانی ڕۆحی مردووەکان وەها دەکات کە ژیانیان نەبڕاوە بێت، واتە ئەگەر وەک ئاژەڵیش سەریان بڕن و مرۆڤێکی دیکە بیانخوات دیسانەوە وەک وزە هێز ئەدەنە بەر مرۆڤێکی دیکە کە ئەمە لە ڕوانگەی یارسانەوە واتە ژیانی نەبڕاوەی دواڕۆژ یان ڕۆژی پەسلاٚن.[1]

ئەڵبەت چەند جارێک خودا لە لەشی مرۆڤدا خۆی پیشان ئەدات کە جۆرێک لە دۆن بوونی فەڕ و شکۆیەتی و چەندین جاری دیکەش ئەم کارە دەکات و ڕەنگە هەزارویەک بەرگ بگۆڕێت کە لە کۆتاییدا لە شێوەی شاخوەشین دادەبەزێ و بانگەشەی ڕۆژی پەسلاٚن دەکات. شاوەیس قولی یەکێک لە حەوت دۆنی خودایە.

---

١. کۆی ئەم بابەتە لەم سەرچاوانە گیراوە: کەلاٚم و دەفتەری دیوانە گەورە لە دەقە پیرۆزەکانی یارسان، ئاوێستای پوورداود - بەشی گاتاکان، کاکەییەکان و ڕێ و ڕچەکەیان، سدیق سەفیزادە، لاپەڕەی ٢٧؛ ڕۆژنامەی شەرق؛ وتارێک لە سەر دۆنادۆن؛ نووسینی: محەممەد مورادی، ژمارە ٢٨٤٥(شەممە٢٢ ئاوریل ٢٠١٧)، لاپەڕەی ٥ و هەروەها ماڵپەڕی بیرکردنەوە
http://birkrdnawa. Com/Article-8175

دەڵێن خودا حەوت جار لە لەشی ئادەمیزاددا دۆن بووە کە بریتین لە: خاوەندکار، عەلی، شاخوەشین، سوڵتان ئیسحاق، شاوەیس قولی (قرمزی یان سوورە)، محەممەد بەگ و خان ئاتەش. ئەڵبەت خاوەندکار خودا خۆیەتی کە هەموو شتێک دەئافرێنێت. (د.ڕەشاد، ٢٠٠٠: ١٦٨-١٦٧)

# سەرسپێری و جەوزشکنان

بە بڕوای یارسانەکان و بە گوێرەی دەفتەری پیرۆز بناغەی ئەم ئایینە بۆ پێش ئافراندنی مرۆڤ، ئاسمان و زەمین دەگەڕێتەوە. لە ڕاستیدا مەرج و هەبوونی ئایینی یاری لە گێژەنی ساجنار و دوڕدا هاوکات لەگەڵ ئافراندنی فریشتە نزدیکەکاندا بووە و چوارچێوە و خشتەی سەرەکیشی سەلمێنراوە. بە واتایەکی دیکە هەمان سۆز و پەیمانی ئەزەلی پێکی دەهێنێت کە سەرەتا حەزرەتی حەق لەگەڵ نێزیکترین فریشتەکانیدا واژۆی لە سەر کرد؛ مەرجی کرداری ئەم پەیمانە کە لە لایەن حەقەوە سەپێنرا بە سەر فریشتەکاندا پێ ئەوترا «شەرت» و وەرگیرانیشی لە لایەن فریشتەکانیشەوە بە « ئێقرار» ناوبانگی دەرکردووە. ئەو یاسا و ڕێسایە کە لە نێوان مرۆڤ و خودادا لە سەردەمی دوڕ واژۆ کرا بە «بیا و بەسی ئەزەلی»

ناوزەد کراوە کە هەمان ڕێنوێنی مرۆڤە بەرەو یاسای یارسان و بەرگ گۆڕی و بەڕێوەبردنی حەفتاودوو دین و ئاشکراکردنی ئەم بیا و بەسە لە سەردەمی حەقیقەت و پردیوەریدا لە پەیکەری مرۆڤی پاکدا هەمان سەرسپێری یان «بیا و بەسی پردیوەرە» کە بە سەردەمی ساجناریش ناوبانگی هەیە.

لە پاش ئافراندن هەرکام لە پێغەمبەر و چاکسازەکان، پلەیەک لە ئایینی یارییان بۆ ڕێنوێنی مرۆڤ هەڵبژارد هەتا ئەوەیکە لە پردیوەردا لە سەردەمی سان سەهاک سەری هەڵدا و لووتکەی ئۆلی یاری ئاشکرا کرد.

لە لای یارسانەکان نەریتێ هەیە بە ناوی «برایەتی ئاخرەت یان برای یاری» کە دوو تاکی یارسانی کاتێ دەبن بە برای یەک ئیدی دەبن بە شەریکە گوناهی یەک لە دونیا و نیوەی تاوانی براکەی لە ئەستۆیە، بۆ نموونە ئەگەر یەکیان بمرێت و قەرزدار بێت دەبێت دەستە براکەی قەرزەکەی بار بکات، بە کورتی ئەم برایەتییە ڕێگەیکە بۆ چارەسەرکردنی گیروگرفتە کۆمەڵایەتییەکان و یارمەتیدانی یەکتر لە تەنگانەدا، بەڵام ئەم نەریتە چۆن بەڕێوە دەچێت گرنگە. بە شکاندنی گوێزێک و ڕێسایەکی تایبەت بەڕێوە دەچێت و نزایەک دەکرێت تێیدا کە بە نزای

گوێز بەناوبانگە، بەس ئەگەر تاکێک سەری سپاردبوو بە بنەماڵەیک ئیدی ناتوانێت لەو بنەماڵەیەدا لەگەڵ کەس ببێت بە برا و ئەم نەریتەش لە نێو ئێزدییەکانیشدا هەیە. (جەمال نەبەز،٢٠٠٨: ٦٢)

بیا و بەس یانی سۆزدان و پەیمانبەستن لەگەڵ پیری حەقیقەتدا کە دەبێت بە زانایی بێت وەک چۆن کەلامی دەفتەری نەورۆز ئەفەرمێت:

سـەر کێشـام ئـەو تـۆی پـەردەی تەریقـەت

تاقــی کــردم دیــن دوونــێ حەقیقــەت

کەوایە پەیمان بە مەرجێکە زاناییت لە سەری هەبێت تەواو ڕێکـوپێکە. وەک پێشتر وتمان بیا و بەسی ڕاستی بە شێوەی ئەمڕۆژی و لە جیهانی خاکیدا لە سەردەمی سان سەهاک لە جەمدا بە جەوز بەڕێوە چوو و هەرکەسیش ئەم نەریتە بە جێگە بێنێت بە فەرمی دەچێتە نێو دینی یارسانەوە و لەوە بەدواوە لە سەریەتی ڕێساکانی ئەو ئایینە بەڕێوە ببات.

لە دەفتەری دیوانە گەورەدا هاتووە کە داوود مەڕەمۆ ئەفەرمێت:

«تـا سـەر نەسـپاری کـەردە وەلاوی

تا حەق نەشناسی دوور لە گشت لاوی»

تەنانـەت حەوتەنیـش سـەریان سـپاردووە بـە پلـەی یەکتـر و سـولّتان مەڕەمـۆ دەڵێـت:

«وێم دادەنێم سەر
وەر جە غولاّمان وێم دادەنێم سەر»

کەوایە بیا و بەس هێندە گرنگ بووە کە تەنانەت حەزرەتی سولّتانیش خۆی سەری سپاردووە و بەو ئاکامەش دەگەین کە درکەی سەرەکی شاڕێی حەقیقەت لە ڕوانگەی دەفتەرەوە سەرسپێریە.

لە کارە گرنگەکانی سولّتان ئیسحاق جەوز سەر شکان یان سەرسپێرییە بە بنەماڵەکان و تەواوی یارسانەکان بێ وەدەرکردن دەبێت سەرسپاری پیر و دەلیل بن هەتا ڕێچکەی ئایینی نەپچڕێت. منداڵێ کاتێک لە دایک دەبێت پاش ناولێنانی لە ڕێگەی باوک یان نوێنەرێکەوە نەریتی سەرسپێری بۆی بەڕێوە دەچێت و بۆ ئەم کارەش جەوز و دەسەسڕێک لەگەڵ نەوات و هەنار کە نیازی پێ دەڵێن پێویستە و جگە لەمانە پارە، کاردێکی تیژ، کەڵەشێر و مەنێک برنج و چارەکێ ڕۆنەکەرەش پێویستە. پاش ئامادەکردنی ئەم پێویستیانە سەرەتا نیازەکە دەکەنە نێو قاپێک و جەوز و سکە و کاردەکە لە قاپێکی دیکە دەکەن؛ برنج و ڕۆن و کەڵەشێریش دەکوڵێنن و پاش

بەڕێوەبردنی جەم، پیر و دەلیل ئامادە دەبن و ڕەسمی جەوزشکان یان سەرسپێری ئەنجام ئەدەن.

گوێز ڕەمز و سیمبۆلی سەری منداڵەکەیە کە بە سەیدی دەسپێرێ و دامێن‌گرتنیش مانای پاڕانەوە و داواکردن دەگەیەنێ، واتە منداڵەکە داوا دەکات سەید ببێت بە پیری ئەو و سەرسپاردن و دڵسۆزی ئەو قبووڵ بکات. سەید کە گوێزەکە وەردەگرێت مانای وەهایە بەو داخوازییە ڕازی بووە و دەبێت بە پیری منداڵەکە، خەلیفەیش دەبێتە گەواهـ و بە دۆعا و نزا ئەم پێوەندە پیرۆز دەکات؛ ئیدی لەو کاتەدا دەبێتە ڕێبەر و دەلیلی منداڵەکە. لەم نەریتەدا سەید ڕۆڵی «بنیامین» دەگێڕێت و خەلیفەش هی «داود»، چونکە سوڵتان ئیسحاق کە گوێزی شکاندووە دامێنی بنیامینی گرتووە و گوێزی پێشکەش کردووە، لەو کاتەشدا داود دۆعای خوێندووە؛ سوڵتان لەمبارەوە دەڵێت: ئەوەی سەری سپاردبێت بە ئاگری دۆژێ ناسووتێ.(د.ڕەشاد میران،٢٠٠٠: ١٨٤)

ئەڵبەت لە زۆر سەرچاوە باس کراوە کە تەنها منداڵی کوڕ گوێزی بۆ دەشکێنن، چونکە کوڕ وەک دەورگێڕی سەرەکی لە نێو ئەم کۆمەڵەدا دێتە ئەژمار و ئیرادەی کچ و ژن لێرەدا گرێ ئەدرێت بە ویستی پیاو کە ڕەنگدانەوەی

هزری پیاوسالاری لەم ڕامانەدا پیشان ئەدات، ئەڵبەت لە کەلامدا وەها باسێک نەهاتووە، ڕەنگە کاریگەری هزری دەوروپشت بووبێتە هۆی زاڵبوونی ڕەگەزی نێرینە.

# ڕۆژووی مەڕەنۆ و جیێژنی خاوەنکار

کاتێ براکانی سان سەهاک بەوەیان زانی کە براکەیان گەیشتۆتە پلەی عیرفای هەرەبەرز و تایبەت، خۆیان پێ نەگیرا و کەوتنە دوژمنایەتی سوڵتان؛ ئەویش بە ناچار زێدی خۆی واتە بەرزنجەی بەجێهێشت و پێڕای دوو کەس لە هەڤاڵانی بە ناوەکانی پیر بنیامین و پیر مووسا بەرەو ناوچەی هۆرامانی ڕۆژهەڵات کۆچ دەکەن. ئەو لە ماڵە بابانی خۆی تەنها قاڵییێک و مەنجەڵێ لەگەڵ سفرەیک دێنێت و ماڵ بەجێ ئەهێڵێت، بەڵام لە سای کەراماتی سان سەهاکەوە هەموو شتێ دەکەوێتە شوێنی، تەنانەت کانی گوندەکەش وەدووی دەکەوێت ئەویش بە کانی فەرمان دەکات هەڵگەڕەوە و ئەویش دەگەڕێتەوە بۆ جێگەکەی خۆی.

سوڵتان و هەڤاڵانی ڕێگە دەپێون و لە دوژمنان

دوور دەکەونەوە، بەڵام براکانی چاویان بەرایی نادات ئەم گەورەییە ببینن، بە ناچار دەستەوداوێنی ماڵی خاڵوان دەبن لە هۆزی چیچەک؛ ئەوانیش بە لەشکرێکی زەبەلاحەوە شوێنی سان هەڵدەکەن و پێی دەگەن. هەڵاتووەکان کە چارەیان نامێنێت خۆیان لە ناو «مەڕێ/ ئەشکەوتێ» حەشار ئەدەن بە ناوی «مەڕەنۆ» و سێ شەو و ڕۆژ لەوێدا گیر دەخۆن و هیچ نان و ئاوێکیان نابێت هەتا ئەوەیکە سان مشتێ خۆڵ لە ژێر قاڵیەکە دەرەهێنێت و ئەیکا بە ڕووی سوپای چیچەکدا، تۆز و گەردەلوولێ دروست دەبێت و ئەمانیش بە یاریدەی حەق سوپاکە لە نێو دەبەن. ئێوارەی ڕۆژی سێهەم خاتوو دایراک ڕەزبار کەڵەبابێ سەر دەبڕێت و دەیکاتە نەزری سەرکەوتن و بۆیان دەهێنێت بۆ ئەشکەوتەکە، دوای چەند ڕۆژ نەخواردن خۆیان لەو خوانە تێر دەکەن و شوکرانە بە جێگە دێنن؛ ئیدی لەو کاتەوە بە ئەمری سوڵتان ئەو سێ ڕۆژە بە ڕۆژوو دەبن و ڕۆژی چوارەمیش دەکەن بە جێژن.

ئەم ڕۆژووە یاسا و ڕێسای تایبەت بە خۆی هەیە و دەبێت هەموو شەوێ نیاز بکەن و شەوی یەکەم بە مەبەستی داودی دەلیل و ڕێبەری یارسان دەڕۆنە پێشواز؛ شەوی دووهەم بە ناوی پیر بنیامین، پیری شەرت و

نوێنەری تەختی باوە یادگار؛ شەوی سێهەمیش بە نیەتی پیر مووسا پیری قەڵەم زێڕین دۆعا دەکەن. شەوی چوارەمیش تەوەڕک‌کردنی ماڵی خاوەنکار و کەڵەباب و برنجە بە جێگەی سان سەهاک پاشای عالەم کە ڕۆژی چوارەم دەبێتە جێژنی خاوەنکار.

دەفتەری دیوانە گەورە ئەڵێت:

ئـەی تەمـە ڕەمـاوە کەفـت ئـەو ڕۆشـنایی
سـێ ڕۆژەی یـاران داوەت پاشـایی
دوازدەی سـفیدی هـەر چەنـە چلـی
یـەرێ ڕووی یـاران ئامـا ئـەو دلـی
پەی وەقـت پـەی ساعەت پا وەقت پاوائی
جـە لـەوح تـا قەڵـەم جـە گاو تـا ماهـی
هەرکـەس نەگێـرۆ سـێ ڕۆژەی یـاران
داوەت پاشـایی هیـچ نمـەوەران

لە زەبووری حەقیقەتدا سوڵتان مەڕەمۆ دەڵێت:

پولـێ هـام ملـی، پولـێ هـام ملـی
بەیـدێ بەنیـەشدێ پولـێ هـام ملـی
دوازدە مانـگ سـفیدی هەرچـە نـە چلـی
یـەرێ ڕووی یـاران ئامـا نـە دلـی
واتە هاوڕێیان وەرن دانیشن کە کاتی ڕۆژووگرتن

گەیشت و ئەو دوازدە مانگە سپییە (کۆچی) و هەرچی لە چلەی کوردی تێپەڕێت سێ ڕۆژەی یاران دەست پێدەکات. پاشان بە مەبەستی پاراستنی یارسانەکان لە سووچ و تاوان «بنیامین» ئەفەرمێت:

«هەرکە سێ ڕۆژەی پاشام کەل کەرۆ
ئەر حەفت یانە بکەرۆ نە جوور جەم کەرۆ
پادشام چە سەر تەقسیر گوناش نەویەرۆ»

یانی هەرکەسێ سێ ڕۆژی شەرت و ئیقراری خودا بشکێنێ ئەگەر حەوت خانوو دروست بکات و بە جەمخانەی بکات خودام لە تاوانی نابوورێت. ڕۆژووی مەڕەنۆ لە ئۆلی یاریدا زۆر گرنگە و هەموو یارسانێکی بڕوادار هەموو ساڵێ دوازدەهەمی یەکەم مانگی زستانی کوردی، ڕێکەوت لەگەڵ شەشەمی سێهەم مانگی پاییزی هەتاوی کە ٢٧ نوامبری زایینی دەکات، بەڕۆژوو دەبێت و ڕۆژی پازدەهەمیش دوای سێ ڕۆژ جێژنی خاوەنکار پیرۆز دەکات؛ تاقمێ لە خەڵکی یارسان هەن کە سەر لە نۆ ئەم سێ ڕۆژە بە سێ ڕۆژ نیەتی قەوەڵتاسی کە لە چواردەی دووهەمی زستانی کوردی (وەفراوەر) هاوکات لەگەڵ ٢٩ دسامبری زایینیە ڕۆژوو دەگرێت و لە حەڤدەی ئەو مانگەدا جێژن دەکەن.

سان سەهاک لە سەر ڕۆژووی قەوەڵتاس ئەڵێت:

نەی چلەو زمسان، نەی چلەو زمسان
داود ڕۆچەشان نەی چلەو زمسان
نیەتشان نە چوارده و مانگی بۆ ئێحسان
جە هەڤدە و مانگی بگیرا چەپدەسان
عیدشان پەی تۆ بۆنی سەرمەسان
نیەت و ڕۆچەشان پەی قەوەڵتاسان
قەوڵتاسانما یاران و خاسان

«قەوەڵ» بە مانای پەیمانە و «تاس» بە واتای جامیلکەیکی قووڵ و گومەزئاسایە کە بە مانای هێمایی مەبەست ئاسمانە کەوا لە ژێر ئەو گومەزە بازنەییەدا حەوتەن لە پارێزەرانی دنیا کە بە هەڤالانی قەوەڵتاس بەناوبانگن لە ئەزەڵدا دانیان بە پەیمانێکدا ناوە و هەتاهەتایەش لە سەری سوورن و قەت بەڵێنی خۆیان ناشکێنن لە هیچ چاخ و سەردەمێکدا و لە کاتی نۆکردنەوەی پەیمانەکەدا لە پردیوەر دیاردەیەک ڕووئەدات کە بە قەوەڵتاس ناوی دەرکردووە. پیری یارانی قەوەڵتاس شا ئیبراهیمە و ڕازی شاراوەی ئەم ڕۆژە گرێدراوی چوارچێوە و ڕواڵەتی یارسانە و ناوبراویش نێردراوە بۆ چاودێری ئەم نەریتانە، هەربۆیە بە پیری قەوەڵتاسەکان ناوی دەرکردووە. (طیب طاهری، ٢٠١٣: ٢٤٧)

ڕۆژووی قەوەڵتاس بە خۆشەویستی میرئەسکەندەر و هەڤاڵەکانییەوە لە هزری یارسانیدا بنیات نراوە. ڕووداوەکە بەمجۆرە بووە هەڤاڵانی قەوەڵتاس پاش ئەوەی لە ناوەڕاستی چاخی یەکەمی «پردیوەر» بە مەبەستی سەرسپێری پردیوەر دێن و لە گوندی «دەرەشیش»دا نیشتەجێ دەبن، ئیدی چیرۆکی دەرەشیش دروست دەبێت، ئەوسا سوڵتان ئیسحاق بە هەڤاڵانی قەوەڵتاس دەڵێت بگەڕێنەوە جێگە و ژینگەی خۆیان و هەڤاڵی حەوتەمیان بدۆزنەوە ئینجا بگەڕێنەوە بۆ ئێرە. گەڕانەوەیان لە چاخی دووهەمی پردیوەر لە سەردەمی «شاوەیس قولی» ڕوو ئەدات. کە دەگەنە ناوچەی هۆرامان تووشی تۆف و بۆرانێک دێن و لە ژێر بەفردا نوقم دەبن. دوای سێ شەو و ڕۆژ بە ویستی خواوەند قوتاریان دەبێت. ئەم شایی و خۆشی دەربڕینە وێڕای ڕۆژوو گرتن بە شایانەی ڕزگاری ئەو کەسانەوەیە. سوڵتان لە چاخی بەرزنجەدا و لە ناخی مەڕەنۆدا، سەبارەت بە ڕۆژووی خاوەندکار و ئاماژە بە ڕۆژووی قەوەڵتاسی لە داهاتوودا دەڵێت:

چـا قەوەڵتاسـان وەرگرنـان چـرا
هـەم ئـی ڕیازەتـە چـەی مـەڕە نریـا

ڕای قەوەڵتاسـیام مۆهـەم بـۆ وەرا
بـدەری پێشـان ئـی ڕۆزە وەی‌را

یان لە جێگایەکی دیکەدا دەڵێت:
مەڕەنۆمـان نیـاوە هـەم قەوەڵتاسـی
تاسـم ئاسـمانا خـەزرام قیاسـی

واتـە ڕۆژووی مەڕەنۆمـان دانـا و هەروەسـا ڕۆژووی قەوەڵتاسـی. تاسـی مـن ئاسـمانە کـە هاوتـای گومـەزی خەزرایە. (گلمـراد،١٩٨٦: ١٧١. تەیـب تاهێـری، ٢٠١٠: ٦٣-٦٢. دیوانەگـەورە، ١٣٨٨: ٦٥)

## سوێڵ و ڕوانگەی یارسان لەمبارەوە

یەکێک لە ڕاسپاردەکانی سان سەهاک بە یارسانییەکان هێشتنەوەی سوێڵ و نەتاشینی بوو؛ لە ڕاستیدا وەک چۆن سەر و کەمەر بەستن هێمای خاکەڕایی و ڕێزگرتن لە جەم و جەمنشینانە، پاراستنی سوێڵیش وەک هێمای «ڕازی مەگوو» یەکێکە لە کۆڵەکە سەرەکییەکانی هزری یارسان. ڕازی مەگوو بۆ پارێزڤانی لە گیانی ئەوانەی کە بە دوایانەوە بوون و دەسەڵات هەموو شتێک تەنانەت زمانیشی بۆ دۆزینەوەیان دەپشکنی ئەم سوێڵە وەک هێمای نەدرکاندنی ڕازی هەڤاڵەکانیان و هەروەها ناسینەوەی یەکتر لە نێو ئاپۆڕای خەڵکیدا نیشانەیکی دیار و گرنگ بوو، هەربۆیە سان سەهاکیش بۆ ئاسانکردنی ئەم بابەتە ئەمری کردبوو قەد دەست لە سوێڵ نەدەن و وەک خۆی بیهێڵنەوە. پیر بنیامین سەبارەت بە سوێڵ

دەڵێت:

"سوێڵێ مۆرت وە لیوە هاما

سکە بژەندی وە یاری ناما

تاکە پوختە نانت نەواچان خاما"

ئەڵبەت ئەمن ڕام وەهایە سوێڵ هێشتنەوە بە جۆرێکیش ملبادان بوو لە ئاست ئەو یاسا ئایینیەی دەسەڵاتی سەردەست واتە ئیسلام کە بەپێچەوانەی ئەمانەوە ئەو کورتکردن و تاشینی سوێڵ لەگەڵ هێشتنەوەی ڕیشی بە سونەت دەزانی و ئەمانیش بۆ خۆ جوداکردن لە زۆربەی خەڵکی ئەم کارەیان دەکرد. دەروێش ئەمیر زۆڵەییش لەمبارەوە دەڵێت:

ڕەسم کەردەن وە نەخش نارین کاریتان

ئوستاد ئسمێ وێش پەی دیاریتان

ئوستای نارینکار سکەش ژنەوە

سڕی وە سکەی یاری وەنەوە

نوختەن نوختە شەرت عەین و لام و یا

وەرای سکە شەر، یاری بێڕەوا

هەرکەس ئەو نوختە کەم بوو وە سکەش

وە جەمێ یاری نمەورۆ بەش

نەختەن سکە شەرت هەرکەس کەرۆ پاچ

سکەش وە بازاڕ یار نیەن ڕەواچ

ئەڵبەت لێرە مەبەست ئەوەیە کە سوێڵی ئێوە پارە و مۆری ئێوەیە، واتە بەوە دەتان‌ناسن و وستای نارین‌کار جوان سکەی لێداوە و بە چەن خەت و خاڵ لە ڕووی ئەو سکە ناوی عەلی دەرهێناوە کە شەرت و مەرجی دان‌نانە بە ئایینی یاریدا؛ هەرکەسیش ئەم خەت و نوختەیە لێ کەم بێتەوە لە جەمدا جێگەی نییە و ئەگەریش سوێڵی بتاشێت پارە و سکەی لە بازاڕ دەکەوێت. ئیمامی عەلی یەکێکە لەو کەسانە کە لە نێو ئایینی یارساندا ڕێزێکی تایبەتی هەیە و تەنانەت بڕوایشیان وەهایە کە ناوی ئەم بەڕێزە دوو جار بە نێو چاوانی پیاوی یارییەوە نووسراوە؛ پێڵی چاو لەگەڵ ڕاستەی لووت و لایەک لە سوێڵ بە ڕاست و چەپ دەبێتە دوو جار ناوی عەلی کە مەبەست لەو نوختەن نوختە «ع،ل،ی» هەمان ناوی ئیمامی عەلییە کە لە زۆر شوێنی پیرۆزیشدا وەک هێما و لۆگۆش هەڵواسراوە یان لە سەر دار و دیوار نووسراوە؛ ئەڵبەت گەرچی هەندێ خەڵک بە ئەهلی حەق و هەندێکیش بە «عەلیۆڵلاهی» دەیان‌ناسن، بەڵام وەک دەفتەری کەلام ئەفەرمێت ئەمان هەر یارین و لە نێو گەلێک ئۆل و ئاییندا ئەمان یارسانیان هەڵبژاردووە: (موڕادی باقلاوایی،١٣٩٥: ٢١٢)

وه حەفتاو دوو دین دینمان بەر کردەن
وه دینی یاری سەرمان سپردەن

چیرۆکیان هەیە کە تێخ و گوێزان نەی‌توانیوە سوێڵی ئیمامی عەلی بتاشێت. بە گوێرەی یەکێکی دیکە لە باس و ڕاسەکانیان دەڵێن لە کاتێکدا پێغەمبەر(د.خ) لەسەر بێت دەمرێت حەزرەتی عەلی مەیتەکەی دەشۆرێت ئاو لە ناوکیدا کۆ دەبێتەوە ئەویش ئاوەکە هەڵدەمژێت بەس سوێڵی تەڕ دەکات و ئیدی لەوە بەدواوە لەبەر پیرۆزی ئەو ئاوە هەتا ئاخری ژیانی سوێڵی ناتاشێت.(د. ڕەشاد میران،٢٠٠٠: ١٩٢-١٩١)

هەر ڕەمز و هێمایەک لە پشتی ئەم سوێڵەوە بێت ڕێی تێدەچێت، بەس لە هەموویان گرنگتر ئەوەیە کە بە نیشانەی جوداکەرەوەی پیاوی یارسانی دەزانن لە خەڵکانی دیکە و ئەمەش سیمای هەموو کەمینەیکە کەوا لە نێو کۆمەڵێکی گەورەتردا بۆ خۆ دەرخستن و خۆسەپاندن دەستی پێوە دەگرێت، ئەڵبەت جگە لە سوێڵ، یارسان داب و نەریتی دیکەشی هەیە کە وەک سوێڵ هێمای ناسینەوەیە.

## ئافراندن لە ڕوانگەی یارسانەوە

ئەم باسە هێندە گرنگە کە دەبێت زۆرتر بۆی دابچین و شرۆڤەی لە سەر بکەین، چونکە ئەم ئۆلە پێشینەیکی دوور و درێژی هەیە و لە سەرچاوکەی زەڕدەشتی و میترایی ئاو دەخواتەوە، هەربۆیە هێنانی باسی پێوەندیدار بەم ڕێبازەوە کارێکی ژیرانەیە و تەنانەت دەتوانێت هەندێ گرێکوێرەش بکاتەوە. مژاری داڕشتنی دنیا و ڕازی ئافراندن لەگەڵ یەکەم مرۆڤ واتە مەشی و مەشیانە لە ڕوانگەی ئایینە کۆنەکانی ئێران و مێزۆپۆتامیاوە زۆر گرنگ و بەرچاوە و ئۆلی یارسانیش وەک چڵێک لەم دارە گەورە، هەندێ بەرهەمی کۆنی لێ ڕواوە کە بەڕاستی باندۆری هزری ڕابردوو لەم ئۆلەدا پیشان ئەدات. گۆران بە هەموو تیرەکانییەوە[1] توانیویانە بە شێوازێکی جوان

---

١. گۆران ناوی هۆزێکە لە ڕۆژئاوای کرماشان کە شەش←

و ڕێکوپێک ئەم ڕامانە کۆنانە بپارێزن و بە ئەمڕۆی بگەینن. یارسانەکان بە دۆنادۆن بڕوایان هەیە و باوەڕیان وایە مرۆڤ لە سەرەتای ئافراندنەوە هەتا ڕۆژی ئاخر هەزارویەک بەرگ دەگۆڕێت و بیرکردنەوەشیان لە سەر ئافراندن هەر لە سەر ئەم بنەمایە دارێژراوە، لە نامەی سەرئەنجام کە نامەی ئایینی یارسانە هاتووە «کە خودا لە نێو دوڕێکدا دەبێت و لەوێوە هاتۆتەدەر و بە فەرمانی ئەو دوڕ دەشکێت و دووکەڵێکی لێ بەرز دەبێتەوە و ئاسمان، زەوی، ئەستێرە، مانگ و خۆر و شەو و ڕۆژی لێی وەدی دێن، بەڵام چونکە سەرانسەری دنیا ئاو بوو ئاوەکانی لە یەک شوێندا کۆکردەوە و دەریا و وشکی لە یەک جودا کردەوە. لە زەمیندا گیا و دار و دەوەنی ڕوان و ماسی و گیانەوەری جۆراوجۆری لە دەریاکاندا ئافراند، پاشان لە بنی دەریاکەوە گەوهەرێکی هەڵماساند و کردیە تەخت و نشینگەی خۆی و ناوی خۆی‌نا خوداوەند».

پاش ئەم کاروبارە بەشێک لە گیانی خۆی دابڕی و

---

تیرەی بەناویە لەخۆ دەگرێت: « قەڵخانی، بێ‌بیانی، نەیرێژی، گاوارە، کانی‌زنجیری، ڕێزەهۆ». ناوەندی ئەم هۆزانەی گۆران گاوارەیە و هەموویان بە گۆرانی دەئاخڤن و پەیڕەوی ئۆلی یارسانن. (تاریخ مردوخ، ج ١، ص ١٠٨، بە گوێرەی نووسراوەکانی بۆرەکەیی لە سەر یارسان، پەراوێزی لاپەڕەی ١١٧).

کۆمەڵێ فریشتە و بەندەی بە ناوی چل‌تەن و حەفتەن، چل چل‌تەن، حەفتەوانە، حەفت خەڵیفە و هتدی لێ ئافراند. پاسەوانی ئاسمان و زەوی، مانگ و خۆر و ئەستێرە، گیا و ڕوەک، ئاو و ئاوری بە حەفتەن سپارد و پارێزڤانی لە بەندەکانی دیکەی دایە دەست حەوتەوانە. دواتر خودا بە هاریکاری یەکێک لە حەوتەن حەوت تەبەقی ئاسمان بە ناوەکانی «لەوحی عەقیق، لەوحی گەوهەر، لەوحی دوڕ، لەوحی یاقووت، لەوحی مەرجان و لەوحی ئەلەست» دەئافرێنێت، بە گوێرەی تەورات کە دەچووە هەر تەبەقێ فریشتەکان لە کن یەک خڕ دەبوونەوە و جێژنیان دەگرت هەتاکوو یەزدان و فریشتە نزدیکەکانی بڕۆن بۆ لایان و هەرکە نیاز و مرازیان حاسڵ دەبوو یەکێکیان خۆی قوربانی دەکرد و قوربانییەکەیان لە نێوان ئامادەبوواندا دابەش دەکرد. دوای ئەم گەشت و گوزارە خواوەند فەرمان بە حەوتەن دەدات مشتێ خۆڵ بێنن هەتا مرۆڤ بئافرێنێت، لێرەدا بابەتەکە وەک هی ئیسلامی لێ‌دێت. حەفتەن بە ئەمری یەزدان دێنە زەمین، بینیان کە زەوی داویە لە پرمەی گریان و دەڵێت ئەمن توانای مرۆڤ بوونم نییە؛ ئەوانیش بۆ لای خودا گەڕانەوە و باسەکەیان بۆ گێڕایەوە، ئەویش بە فریشتەی مەرگی وت خێراکە بڕۆ

مشتێ خۆڵ بێنە ئەویش هاتە زەمین و بێبەزەییانە لە خاکی نەوی و مشتێکی هێنایەوە بۆ خودا. حەفتەن بە ئەمری یەزدان خۆڵەکەیان کردە قوڕ، ئاور و ئاو و بایان تێکەڵ کرد ئیدی خودا لە ڕووی ڕاستی و دروستییەوە مرۆڤی لە شەش دەورەدا ئافراند و پاش ئافراندن کە ڕۆژی نەورۆز بوو خودا خۆی لە سەر تەختی یەزدانی دانیشت و حەفتەن و چل‌تەن و ئەوانیکە لە دەور و پشتیدا کردیانە بەزم و خۆشی و بۆ ئاسوودەیی و شادمانی ئەو ڕۆژەیان کردە جێژن و شاییانە.

خودا ویستی گەوهەری خۆی لە پەیکەری مرۆڤدا بکاتە میوان، پاش چەندەها سەدە لە لەشی کەسانێک چون ئیمامی عەلی، باڵووڵ، بابا سەرهەنگی دەودان، شاخوەشین و باباناووس وەک نوور درۆشایەوە و لە سەدەی هەشتەمی کۆچیدا لە لەشی «سان سەهاکدا» خۆی نواند و ڕازی ئایینی یارسانی ئاشکرا کرد.

لە تەوراتدا هاتووە کە خودا لە سەرەتادا ئاسمان و زەمینی ئافراند، زەمین چۆڵوهۆڵ بوو، تاریکی هەموو دەریاکانی داپۆشیبوو خودا ویستی ڕووناک بێتەوە، ڕووناک بوو، ڕووناکی لە تاریکی جودا کردەوە. لە هەر ڕۆژێکدا یەکێک لە ئافرێنراوەکانی خولقاند، ئاسمان، ئاو، گیا،

ڕوەک، دار و دەوەن و هەموو شتێ، خودا وتی هەتاو و مانگ لە ئاسماندا بن هەتا ڕۆژ و شەو جودا بکەنەوە و بێتە هێما بۆ کات و سات، ساڵ و ڕۆژ؛ کە هەتاو و مانگی ئافراند هەتاوی کردە پاشای ڕۆژ و مانگیشی کردە حاکمی شەو. لە ڕۆژی پێنجەمدا هەموو گیانلەبەرانی ئافراند پاشان وتی مرۆڤ لە شێوەی خۆمان بئافرێنین هەتا لە زەمیندا فەرمانڕەوایی بکات، وتی بڕۆن لەوانەی لە زەمیندایە بخۆن و کەڵک وەربگرن هەتا تۆ و تۆرەمەتان بە زۆری لێ بکەوێتەوە و بتوانن زەوی ئیدارە بکەن کە خودا ئەم کارەی کرد و لێڕوانی کە شیاو و جوانە ڕۆژی شەشەم بوو. (تورات، ب١: آیە ٣١-١)

لە قورئانی پیرۆزیش لە شەش جێگەدا باسی لە شەش ڕۆژی ئافراندن کردووە، وەک چۆن لە سوورەتی ئەعرافدا ئەفەرمێت پەروەرێنی ئێوە وەها خودایەکە کەوا ئاسمان و زەمینی لە شەش ڕۆژدا ئافراند.

لە هەندێ سروودەکانی نامەی سەرئەنجامدا یەکەم مرۆڤەکان مەشی و مەشیانەن و لە سروودەیەکی شاخوەشینی یارسانیدا لە سەر ئەم مژارە هاتووە کە بە یەکێ لە هەڤاڵەکانی خۆی بە ناوی پیرشالیار ئەڵێت: ئەی پیری پاک، سوێند بە قەڵای کەنگاوەر، کە ئێستا

خاپوور بووە ئێمە لە نێوان دورێک کە لە ژێر دەریا بوو دەرهاتووین، کە مەشیەمان ئافراند خۆمان لە پەیکەرەیدا سەرمان‌هەڵدا.[1]

«ئـەز چەنـی تـۆ مـن شـەهریاریَ بێگـەرد
قـەڵای کەنـگاوەر ئەنـە بـی وەگـەرد
دورٍ نـە تـای دەریـا ئێمـە بەرئـاوەرد
نامەکـەی مەشـیە ئێمـەی بـرد ئـەو فـەرد»

ئەڵبەت لە بۆندهێشدا باسەکە وەهایە کە ئەم یەکەم جووتەی مرۆڤ لە تووی «کەیۆمەرس» کەوتنەوە کە پاش مەرگی کە چل ساڵانی تێپەڕاند ئەو تۆیە کە لە خاکدا بوو وەک ڕێواس سەری هەڵێنا و بوون بە مرۆڤ. هەر ئەمانە پاش پەنجا ساڵ پێکەوە زەواجیان کرد و ئیدی بەرەبەرە فێری کشتوکاڵ، ئاژەڵداری، ڕستن و چنین بوون و وەک میرات گەیشت بە منداڵەکانیان. (پورداوود،١٣٥٣: ٢٥٩-٢٦٠)

پیر شالیاری هەورامیش کە لە سەدەی چوار و پێنجی کۆچیدا دەژیا ئاماژەی بەم بابەتە کردووە و ئەڵێت: ئەی یاران! گەورەم واتە شاخوەشین لە تووی ڕێواس پەیدا بوو

---

١. دەستنووسی سەرئەنجام (سەردەمی شاخوەشین)، بە گوێرەی بەڵگە نووسراوەکانی بۆرەکەیی.

و مەشی و مەشیانە لە گوڵی گەنم.

«یاران جە ڕێواس، یاران جە ڕێواس

پادشام پەیدا بی جە دانەی ڕێواس

مەشیە و مەشیانە بەر ئامان جەواس

پەری ئازمایی مێردان ڕواس»

خان ئەڵماسیش هۆنراوەی زۆری سەبارەت بە ئافراندن هەیە کە بێگومان بەهرەیکی لە سەرئەنجام وەرگرتووە و ئەڵێت: کاتێکە هیچ شتێ نەبوو، نە ئاسمان نە زەوی، وە هەموو شوێنێ دەریا بوو مەولام دوڕێ بوو لە بن ئەو دەریایەدا، لەو دوڕەوە هاتە دەرێ و دونیای دروست کرد.

«ئەوسا کە نە لەوح نە سورەیا بی

نە عەرش و نە فەرش جیهان دەریا بی

مەولا وە دوڕ بی دوڕ وە تەهـ دەریا

وە دوڕ بەرئاما جیهان کرد مەهیا»

(س. ئاینییەکانی یارسان: ۷۴-۷۳)

ئیدی ناوی خودای لە خۆی نا و عەرش و فەرشی ئافراند و پاشان حەفتاهەزارساڵ لە سەر ئاوی دەریاکاندا بۆ خۆی گەمەی کرد. سەرەتا چوار فریشتەی ئافراند و پاشان ئاسمان و زەوی وەدیهێنا و بە هێزی خۆی جیهانی ئافراند و هەتا ئاخر کە دەڵێت:

«نـاوی ویـش نیـا وه خاوەنـدکار
عەرش و کورسی و فەرش ئەوسا دا قەرار
هەفتاد هـەزار ساڵ تـەک و تەنیا و فـەرد
وه ڕووی دەریـاوه چەوگانبازیـش کـەرد»
پاشان ئەڵێت:
«ئـەوەڵ ئیجـاد کـر، چوار مەلـەک هەر چوار
ئاسـمان و زەمیـن ئەوسـا دا قـەرار
جـه سـەرێ قـودرەت دروسـت کـرد عالـەم
حەفت تەبەق وه پشت ماهی کرد محکەم»

ئەڵبەت له بڕگەی (٢٨) به دواوه له پەرتووکی «مەسحەفا ڕەش» باسێک سەبارەت به ئافراندن هەیه که زۆر لەمەی یارسان دەچێت و دەڵێت: پێش ئەوەی ئاسمان و زەوی دروست بێت خودا له سەر زەریاکاندا هەبوو، پاپۆڕێکی دروستکردبوو و به هەوەسی خۆی به هەموو لایەکدا پیاسەی دەکرد. خودا مرواریێکی گەورەی دروست کرد که ماوەی چل ساڵان بەرچاوەدێری بوو پاشان لێی تووڕە بوو شەقێکی تێهەڵدا(بڕگەی٢٩). وای لەو سەیر و سەمەرەیه که له هەرا و زەنای چیاکان و له تۆزەکەی گردۆڵکەکان و له دووکەڵەکەی و هەڵمەکەی ئاسمانی لێ دروست بوو، لەو کاتەوه خودا هەڵکشا بۆ

ئاسمانەکان، کە بێ‌ئەستوون بەست و ڕاگیری کردوون (بڕگەی٣٠). بە کلیل زەوی و کەندەڵانەکانی کڵۆمدا و پاشان قەڵەمێکی گرتە دەست و ڕووداوەکانی ئافراندنی ئافرێنراوەکانی نووسییەوە (بڕگەی ٣١). پاشان شەش خواوەندی لە زاتی خۆی و لە ڕووناکی خۆی دروست کرد، بەڵام لە سەر هەمان ئەو شێوەیە کە وەختایەک مرۆڤ لە چرایەکەوە چرایەکی دیکە دادەگیرسێنێ (بڕگەی ٣٢). (ئەنستانس ماری،٢٠٠٦: ٩٦-٩٥)

لەم دوو ئایینە کەونەدا کە هەردوویان کوردین و بناغەیەکی وەک‌هەڤیان هەیە، چەن شت دەردەکەوێت کە ڕاستەوخۆ کاریگەری دوولایەنە لە یەکتردا پیشان ئەدەن و ناڕاستەوخۆش هەوێنێکی لە ئافراندنی زەروانی پێوە دیارە. نەبوونی هیچ شتێ لە سەرەتادا لە هەردوو ئایینەکە مژارێکی هاوبەشە و باس لە یەک مادەی سەرەکی دەکات لە بن دەریادا کە ئەویش دوڕ یان مرواریيە کە هەمان مادەی سەرەکی ئافراندن دێنێتەوە بیر لە زەروانییەتدا کە ئەرخە یان ئوورخەیە. هەروەها تووڕە بوونی خودا لەو دوڕە لە ئۆلی ئێزداتیدا وەک دیاردەیکی سروشتی وەهایە کە لە زەروانیدا هەموو شتێ بە گۆڕانکاری سروشتەوە پێوەند ئەدەن، کە دوڕ و مرواری شەق دەبێت و « مەولا و

ماده» سەرەکییەکانی ئافراندن لێی دێنەدەرێ و لە یارساندا مەولا وەک بناغەی ئافراندن و لە ئێزداتیشدا ئەو تەم و بوخارەی کە لە دوڕەکە دێتەدەرێ دەبنە هەوێن و ئامیانی ئافراندن. ژمارەی چل ساڵی چاودێری لە ئێزداتی و چل‌تەنی یارسان هەمان بنەمای هاوبەشە کە گۆڕانکاری تێدا کراوە، بەس لە یارساندا ماوەی گەڕان و گەشت لە سەر دەریادا حەفتاهەزار ساڵە و بۆ خۆی خەریکی گاڵتەوگەپە، بەڵام شتێک کە زۆر سەرنجڕاکێشە ئەوەیە لە بڕگەی (٣١) «مەسحەفا ڕەش» باسی کلیل و کڵۆمدانی زەوی دەکات بە دەستی خودا کە هێمای دەسەلات و هێزە و ئەمەش لە پەیکەری زەرواندا بە جوانی پیشان دراوە کە زەروان لە سەر گۆی زەوی ڕاوەستاوە و کلیلێکی پێیە.

زۆر لە بابەتەکە دوور نەکەوینە، دوای ئەم ساخت و پوختەی زەوی و ئاسمانەکان خودا ئەمر بە فریشتەی مەرگ دەکات کە بڕوات خۆڵ بێنێت ئەویش هێنای و فریشتەکان لەگەڵ چوار پێکهاتەی سەرەکیدا تێکەڵیان کرد و بە شێوەی مەولا پەیکەرەکەیان ساز کرد.

«وە فەرمانێ شا ئیزرائیل لوا

چەنی مشتێ خاک جە زەمین ئاما

وە چوار عەناسور خەمیرش ساختەن
وە شکڵێ مەولام قاڵبش ساختەن»

ئەڵبەت مەبەست ئەوەیە کە خودا ویستوویە بەم کارە خۆی پیشان بدات و خۆ بنوێنیت، بەڵام ئەمە لە کن بڕواداڕانی ئیسلام شتێکی بێبایەخە.

لەم باسانەدا زۆر شت هەیە کە ئەوە پیشان ئەدات لە ئایینی ئێزدی و یارساندا کۆمەڵێ هزر و بیری هاوبەشی ئایینەکانی سامی و ئاریایی، هەروەها مەندایی و تەنانەت مەزدەکیش کۆ بۆتەوە و بووە بە ئایینێکی تەواو سەربەخۆ. بۆ نموونە هەر سەبارەت بە ئافراندن باسێک هەیە کە بە ڕوونی پیشان ئەدات بەرماوێکی مانەویەتە، ئەویش شێعرێکی «بابالوڕەی لوڕستانییە» کە لە سەدەی چوار و پێنجی کۆچیدا لە سەر ئافراندنی مەشی و مەشیانە هۆنیەتەوە و دەڵێت:

«ڕۆ چەنـی و تـاری، ڕۆ چەنـی و تـاری
ئـەوڕۆ سـتێزان ڕۆ چەنـی و تـاری
مەشـیە و مەشـیانە جـە پرشـەی یـاری
یەکـڕەنگ و یەکـڕەخت بەرشیەن وەدیاری»

مانەویەکان بڕوایان لە سەر ئەوەیە کە سەرەتا جیهان نەبووە، جگە لە دوو پێکهاتەی تاریکی و ڕووناکی.

ڕووناکی بەشی جوانی و خێر و بێر، تاریکیش ناحەزی و شەڕ و ئاژاوە، ڕووناکی لە سەرەوە بوو و تاریکیش لە خوارەوە. خوای ڕووناکی «زەروان» بوو کە حاکمی هەرێمی خۆشی، خێر و ئاسوودەیی بووە و هی تاریکیش دێوێ بوو بە ناوی «ئاز» کە قوڕ و قوشمی هەر شەڕی لێدەباری. بە هەر جمەوجووڵی ئەم دوو دژبەرە دەکەوتنە گیانی یەک. بەگوێرەی سروودەکانی سەرئەنجام لە سەدەی چواری کۆچیدا، دنیا تێکەڵێکە لە ڕووناکی و تاریکی. ئەم دوو هەوێنە سەرەکییە پاش قەیرێ پێکدادان، ڕووناکی سەردەکەوێت و ئیدی لێک جودا دەبنەوە. «شا نێعمەتوڵلای جەیحوونابادی» کە لە گەورەکانی تاقمی «شاهەیاسی» بووە لە سەدەی سێزدەدا، لەمبارەوە دەڵێت: ئەگەر تاریک و ڕوون یەکسان بن، چاکە و خراپەش هاوشان دەبن؛ لە چاکە دنیا ڕوون دەبێتەوە و لە خراپەش تاریک دادێت، ئەگەر شەو نەبێت نرخ و بایەخی ڕۆژ دەرناکەوێت، کاتێکە دوو جەمسەری چاکە و خراپە لە بەرانبەری یەکتر دادەنرێن بە چاکەکان بەهرەی چاکە و بە خراپەکان بەهرەی خراپە دەگات.

کـه چـون نـور و ظلمـت برابـر بـود
بـد و نیـک دایـم بـه همسـر بـود

ز نیـکان زمانـه منـور شـود
ز ظلمـت جهـان حـال بدتـر شـود
اگـر شـب نباشـد چگونـه ایـام
معیـن شـود قـدر او زیـن مقـام
کـه گـر بـد نباشـد بـه روی جهـان
چگونـه معیـن شـود نیکـوان
چـو نیـک و بـدان میشـوند امتحـان
بهـر گونـه در دهـر از ایـن و آن
بـه خوبـان ابـد خـوب گـردد عیـان
بـه بدهـا همیشـه زبـد شـد نشـان

## حەفتەن یان حەوت ئەمشاسپەندی یارسان

بڕوا بە حەوت فریشتە بە گوێرەی نامەی سەرئەنجام لە هزری یارسانەکاندا هەیە کە بە «حەفتەن» بەناوبانگن. ئەم حەوت فریشتەیە کە لە گەوهەری خودا ئافرێنراون پارێزڤانی ئاسمان، مانگ، خۆر، ئەستێرە و با و هەوا، ڕوەک، ئاور، کانزا و هتد لە ئەستۆیانە؛ چونکە ئەم بوونەوەر و پێکهاتانە بە حەوتەن سپێردراون پیرۆزن و بە شوکرانەی ئەم خێر و بێرانەوە هەر تاکێکی یارسانی دەبێت هەموو ڕۆژێ ناوی خودا و حەوتەن بڵێت و نیازیان بۆ بگرێتەوە و شوکرانەبژێر بێت. (کاکارەدایی: ٩٠-٨٩)

حەوتەنی یارسان زۆر لە حەوت ئەمشاسپەندی زەردەشتی دەچن و فەڕ و شکۆیکە لە ئاوێستا بۆ ئەمشاسپەندەکان هاتووە لە سەرئەنجامیش بە هەمان شێوە بۆ حەوتەن دووپات بۆتەوە.

حەوتەنی یارسان حەوت فریشتەی پاک و خاوێنن کە لە سەدەی هەشتەمی کۆچیدا بە سەرهەڵدانی «سان سەهاک» لە پەیکەری حەفتەن لە چاکەکاران خۆیان نواندووە، ناوی ئەم حەوتەنە بریتین لە: ١. سەید خزر ناسراو بە پیر بنیامین ٢. مووسا سیا ناسراو بە پیر داوود ٣. مەلا ڕوکنەدین دیمەشقی ناسراو بە پیر مووسا ٤. خاتوو دایراک ڕەزبار ناسراو بە ڕەمزبار ٥. مستەفا داودان ٦. شا ئیبراهیم ناسراو بە مەلەک تەیار و ئەیوەت ٧. سەید ئەحمد ناسراو بە باوا یادگار. لە نێوان ئەم کۆمەڵە فریشتەدا پیر بنیامین سەرپەلی هەموویانە؛ کەڵەشێر کە لە بەرەبەیاندا دەقووقێنێت و خەڵکی بۆ پەرستش و کار وبار ڕادەچەنێت تایبەتی بنیامینە و هەر ئەمەش بۆتە هۆکاری ئەوە کە لە نێو هەندێ لە یارسانەکاندا گۆشتی کەڵەباب ناخۆن و بە هەوێنی خێر و بێریشی دادەنێن.

«لە سروودەیکی حەوتبەندی زوڵفەقار (شاعیری سەدەی سێزدەی کۆچی) سەبارەت بە حەوتەن هاتووە کە دەڵێت: شەوێ لە خەودا حەوت گەوهەرم بینی کە پاک و پیرۆز و بەنرخ بوون، لە نێوانیاندا سەرەتا پیر بنیامین فریشتەی هەتاوم دیت. ئەو کات و دەشت و چیا دەسووڕێنێ، وەستای ڕاستی و فەڕ و گەورەییە و

شەفاعەتی هەڤالانی دەکات لە ڕۆژی پەسلاندا و یار و یاوەری هەموو مرۆڤێکە.

«حەفت گەوهەرم دی، حەفت گەوهەرم دی
یەکشەو نە خەودا حەفت گەوهەرم دی
زولاڵ بێگەرد، پڕ جەوهەرم دی
بنیامین پیر خاوەند وەرم دی
چەرخچی زەمان ساحێب بەڕم دی
ئۆسای ڕاستی و شکۆ و فەڕم دی
شەفیع یاران نە مەحشەرم دی
یار و یاوەرێ گرد بەشەرم دی»

شەوێکی دیکە لە خەودا حەوت لال یان لەعلم بینی کە یەکێکیان زۆر بەنرخ بوو و من جوانیەکەم دیت «داود» بوو، ئەو فریشتە مەزنە کە هەموو شتێکی جیهان هی ئەوە و پارێزەری خەڵکانی ئەبداڵ واتە چاکەکار و خۆپارێزە؛ وەک ئاور لە هەموو شوێنێ ڕووناکی دیارە و وەک شنەی با لە هەموو شوێنێ دەشنێت.

«من حەفت لالم دی، من حەفت لالم دی
شەوێ نە خەودا من حەفت لالم دی
لالێ قیمەتی پڕ کەماڵم دی
داودێ دەلیل سای جەماڵم دی

فریشـــتەی شـــەریف ســـاحێبماڵـــم دی
نگەهبـــان زام گـــرد عەبداڵـــم دی
شـــەماڵەی ئاهـــر بـــای شـــەماڵم دی
حەفـــت غەواس خـــاس زێـــڵ زلاڵم دی»

مـن ئەمـڕۆ لـە خـەودا ڕەمزبـارم دی کـە لـە بەردەمیـدا تەنهـا زێـر و زیـو و گەوهـەر بـوو، وەک هومارێـک کـۆ کرابـووەوە و ئەمیـش دەیپاراسـت، ئەو هاریـکاری شـاریار و گـەورەکان و هەروەهـا نووشـداری نەخۆشـەکان بـوو. خاوەنـی ڕەمز و ڕەزای یارە و لـە تەنیشـتیدا بـە خـەروار زێـڕ و گەوهـەرم بینـی.

«ڕەمزیـارم دی، ڕەمـزێ یـارم دی
ئـارۆ نـە خـەودا ڕەمـزێ یـارم دی
گەوهـەر و زەڕ و هـەم دینـارم دی
ڕەنگاوڕەنگ دەرهەم کۆی ئەنبارم دی
دەســگیر یــار و شــەهریارم دی
دارووی دەردەدار هـەم بیمـارم دی
خاوەنـد ڕەمـز و ڕەزای یـارم دی
گەوهەر جە لای ئەو وە خەروارم دی»

هەم دیسان شەوێکی دیکە لە خەودا دیتم کە هێمای زانایی و خاکەڕایی بوو. خاوەن گەورەیی و دەشت و

دەر، بەردەستێکی بە فەڕ و شکۆ بوو. لە پەڕاوەکەیدا بۆ هەمووان شادی و خۆشی نووسراوە؛ ئەو شەم و شۆڵەی زاتی یەزدانە و بەڕاستی ڕەمزی دیوانی حەق و پەیامی شاراوەی ڕاستی و حەقیقەتە.

«قەڵـەمزەڕم دی، قەڵـەمزەڕم دی
شـەوێ نـە خـەودا قەڵـەم زەڕم دی
دانـای پڕکەمـاڵ دەشـت و بەڕم دی
دەفتەرداره‌کـەی خاوەنـد فـەڕم دی
شۆڵەی زاتێ حەق سۆی ئەختەرم دی
وەشـی گـرد یـاران نـە دەفتـەرم دی
ڕمــووز دیــوان هونــەرووەرم دی
سرووش غەیبی هەم سەرووەرم دی»

هەڤاڵان من ئەمڕۆ لە خەودا حەوت سفرە و خوانم دی، سەرچاوەی پاک و جۆباری ڕەوان و چرای شەوەکانم بینی. مامۆستای جەمخانەی سەر و سڕی شاراوە و شای ئەزەل یان شای دەودانم دیت، هەوێنی ژیان و فەڕ و شکۆی کات و سووڕێنەری چالاکی جیهان و خەڵکەکەم بینی.

«یـاران خوانـم دی، یـاران خوانـم دی
ئـارۆ نـە خـەودا مـن حەفـت خوانـم دی

چەشـمەی ئەنتەهـوور جـۆی ڕەوانـم دی
فانـۆس و فەنـەر گـرد شـەوانم دی
ئۆسای جەمخانەی سرِ پێنهانم دی
مورغـیٚ ئەزەڵـی شـا دەودانـم دی
مایەی زیندەگی و فەڕ زەمانم دی
چەرخچـی چـالاک گـرد جەهانـم دی»

دیسـانەوە شـەوێک لـە خـەودا شـا ئیبراهیمـی ڕۆچیـار، پارێـزەری دێبـەری خـۆش بـۆن و بەرامی یار و چریکەی پەلەوەرەکانـی گوڵـزاری یەزدانـم بینـی، ئـەو هەڤاڵـە ڕێـزدار و خـۆش زمانـەم دیـت کـە پارێـزگاری لـە مێـرگ و چیمەنـیٚ دەکـرد.

«ڕۆچیـارم دی، ڕۆچیـارم دی
شـەویٚ نـە خـەودا ڕۆچیـارم دی
نەنـە ئێـوەت و شـا تەیـارم دی
شـا ئیبراهیمـی شاسـوارم دی
خاوەند باخچەی؛ وەش‌بۆی یارم دی
زەمزەمـەی تویـوور گرد گوڵزارم دی
چەمـەن و مێـرگ و مێرغـوزارم دی
ئـەو یـار نـازار وەش‌گوفتـارم دی

شەوێکی دیکە لە خەودا باوا یادگار، شای خاوەن

جیهان و لایەنگری یارانم دیت کە هەوێنی خۆشحاڵی هەمووانە. پاشای سەرانە، ئەوەی گەورەی هەموو کەسێکە ئەمن دیتم، جەمشیدی جەم و جامە پڕ لە مەیەکەیم بینی، بەڕاستی من یاری شەو و ڕۆژ و سەرهەڵقەی هەڤالانی ناودارم بینی.

«زەردە بامـم دی، زەردە بامـم دی
یەک شەو نە خەودا زەردە بامم دی
یـادگار شـای هـەردوو زامـم دی
نازنـاز ڕەواج مایـەی کامـم دی
ئەو شای سەرانەی خاس و عامم دی
جەمشێد جەم قەدەر مەی نە جامم دی
یارێ هەردوو سەر سوبح و شامم دی
سەرهەڵقەی یاران ساحێب نامم دی»

ئەم ئاوەڵناوانە کە لە حەفتبەندی «زولفەقاردا» هێنامان و باسمان لێوە کرد لە سەر حەفتەن، زۆر لەوانەی نێو ئاوێستا دەچێت کە لە سەر ئەمشاسپەندەکان هاتووە؛ کە هەرکامیان بۆتە گەورە و سەرۆکی بەشێک لە ئافراندن. ئەڵبەت حەوت مەلەکی ئێزدیش هەر ئەم ڕۆڵە دەگێڕن کە حەوت پیری یارسان و حەوت ئەمشاسپەندی زەڕدەشتی لە ئەستۆیانە». (دیوان ذوالفقار: ب.٧-١)

به گوێرەی نامەی سەرئەنجام، حەفتەن لە سەردەمانی جیاوازدا لە جەستە و لەشی پیاوچاکان و پێغەمبەراندا دۆن بوونە و خەڵکیان بەرەو پەرستنی خودای گەورە بانگهێشت کردووە. ئەم فریشتانە لە نووری پەتی و تەواوی خودان و پردی پێوەندی نێوان خودا و ئافرێنراوەکانی دونیان و جێبەجێ کەری فەرمانەکانی یەزدانن لە هەمبەر کاروباری جیهاندا.

دوای ئەم حەفتەنە، خودا حەفتەوانە دەئافرێنێت کە وەک یاریدەی حەفتەن ئەژمار دەکرێن و لە زۆر هۆنراوەدا وەها دەردەکەوێت کە عالەمی زەمین لە ژێر ڕکێفی ئەواندایە و بە ژمارەی ئەوان حەوت تەبەق زەمین دروست کراوە. بە گوێرەی نامەی سەرئەنجام هەر یەکە لە حەوت ڕۆژی حەوتە بە ناوی یەکێک لە حەوتەوانەوەیە: شەمە سەی ئەبولوەفا، یەکشەمە میرە سوور، دووشەمە سەی مستەفا، سێ شەمە سەی شەهابەدین، چوارشەمە سەید باوەیسی، پەنجشەمە سەید حەبیب شا و هەینی سەی محەممەد گەورەسوار. جگە لەمانە حەوت ئەستێرەی پرشنگدار یان «بنات‌النعش» کە پارێزگاری ئەستێرەکانی دیکە دەکەن لە ژێر دەسەڵاتی حەوتەوانەدان.

ئـەو حەفتەوانـە هـەر حەفـت زەریفـەن
هـەر حەفـت پاسـەوان قوتبـێ شـەریفەن

## چوارچێوە و کۆڵەکەی ئایینی یارسان

هەموو ئایین و ئۆلێ بۆ ڕێکخستن و پەروەردە کردنی شوێنکەوتووانی خۆی کۆمەڵێ چەمک و مانا لە دەق و باسەکانی خۆی دائەتاشێت و دەیکات بە بنەما و بنەڕەت بۆ خۆی؛ کە دەبێتە بنەمای ڕێکخستنی تاکەکان لەو ئایینەدا و تەنانەت لە زۆر لایەنیشدا یاسای کۆمەڵگا دەکەوێتە ژێر کاریگەری ئەم بنەماگەلەوە.

ئۆلی یارسانیش وەک هزرێکی خۆڕسک لە نێو کۆمەڵگەی کوردەواری؛ لە باری ناوەرۆکەوە جۆرێک داڕێژراوە کە لەگەڵ بیر و بۆچوونی خەڵکدا تا ڕادەیکی باش یەک دەگرێت و ناوئاخنی ژیانی خەڵک پێکدێنێت. ئەم ئایینەش وەک ئایینەکانی دیکە خاوەن بنەمایە و چوارچێوەی تایبەتی خۆی هەیە و چوار کۆڵەکەی سەرەکی، باری هزری ئەم ئۆلە بە شان دەگێڕن و لە

کەلامیشدا شرۆڤە کراون کە بریتین لە: پاکی و ڕاستی؛ نیستی و ڕدا. ئەرکی هەر یارسانێکە خۆی لەم خشتەدا کە دەفتەری کەلام فەرموویەتی بپارێزێت و پێکهاتەی مرۆڤبوونی خۆی لە ڕواڵەت و دەروونداا لەگەڵ ئەم چوار هێمایە بگونجێنێت.

شێخ ئەمیر سەبارەت بەم بابەتە ئەڵێت:

یاری! چوارچێوەن باوەری وەجا

ڕاستی و پاکی؛ نیستی و ڕدا

١.پاکی؛ واتە خاوێنبوونی دەر و ناوی وجوودی هەر یارسانێک؛ لە هەر تەم و تاریکییێ کە ببێتە هۆی ڕەش داگەڕانی ڕۆح و ڕەوان و ئیمان و ویژدانی. تاکی یارسانی هەتا دەکرێت بۆی ئەبێ خۆپارێز بێت و خۆی لە سووچ و تاوان بە دوور بگرێت و ببێتە نموونە بۆ خەڵکی؛ چونکە ئەو هێمای هەر تاکێکی ئازادە بۆ گەیشتن بە ڕێگەی ڕاست و دروست.

پیر وەیس دەڵێت:

هەرکەس نە ڕاگەی حەق مشۆ وەبەر

لاشەش نە سەحرا تەنش وە بێسەر

٢. ئەرکی تاکی یارسانە هەتا تەواو کار و کردەی خۆی لە ڕێگەی ڕاستی و دروستییەوە بگەینێتە ئاکام،

وه لـه هـەر لاری و لەویـری لـە ژیانیـدا چ ڕاشـکاو چ شاراوە خـۆی لابـدات. ڕێشاندەری خەڵـک بێـت لـە خێـر و چاکـەدا، دەبێـت بـە ئەشـق و ئەوینـەوە ئـەم کارە بـکات هەتـا خـوداش پاڵپشـتی بێـت، چـون کـورد وتەنـی بـاری لار بـە مەنـزڵ نـاگات. ڕاسـتبێژی و دروسـتی و حەقبێـژی تاکـی یارسـانی دەبێـت وێـردی زمانـی هەمـووان بێـت.

خان ئەڵماس دەڵێت:

تـەن پـاک لبـاس پـاک، دیـدە پـاک دڵپـاک

شـوکرش دمـای دم بـەرز بـوو وە ئەفـلاک

٣. نیستی سێهەمین کۆڵەکەی یارسانە و مانای لە ڕوانگەی یارییەکانەوە واتە ئەوپەڕی خۆپارێزی... ئەوپەڕی دەست و دڵ بازی..... ئەوپەڕی بێ نیازی لە خەڵک.....

یانی هەمیشە خۆی لە هەمبەر گەورەیی و دەسەلاتی خودا بە هیچ بزانێت.... نابێت لە ئاست خەڵک و ئافرێنراوەکانی خودا خۆی بە زل بزانێت. نیستی واتە داپۆشینی(حجاب) نەفس و جەستە، هەروەها بەربەستێکیش بۆ گەیشتنی هەتاهەتایی مرۆڤی یاری بە حەق نەبێت. کەسێ کە سەرسپاردەی ئایینی یاری و هەق بێت ئەبێ لێوانلێو لە ئەشق بە خودا بێت نە ئاشقی ڕواڵەتی دنیا و جوانییەکانی بێت.

۴. ڕدا واتە جوامێری ـ یاری و یارمەتیدانی هاوڕەگەز. دروشمی ئایینی یاری بە دروستی هەمان یارمەتی و هاریکاری و دەس‌گرتنی مرۆڤەکانە، بەکورتی جوامێری واتە خزمەت بە خەڵقی خودا.

ڕاگـەی حەقیقـەت شیشـە نەبییـەن
نـە جـای گەزافـەن نـە جـای مەنییـەن

هەر تاکێکی یارسان دەبێت ئەم چوار بنەمایە ئەنجام بدات و بە دڵ و گیان بڕوای بە ئەم چوار ڕێبازە بێت، هەروەهاش پاراستنی ئەم چوار بنەما، گرنگترین کارە کە تاک لە سەریەتی لە ڕێگەی بەرێوە بردنیانەوە بەردەوام بێت لە کاری چاکە و خزمەت بە خەڵقی خودا. سان سەهاکیش لەمبارەوە ئەڵێ:

بـاوەری وەجـا، بـاوەری وەجـا
یـاری چـوار شـتەن بـاوەری وەجـا
پاکـی و ڕاسـتی، نیسـتی و ڕدا
مەبۆ بارێ وێت سووک کەی جە دنیا
چونکـە ئـی دنیـا جاگـەی بـوارەن
گا سـەرەوبان و گا سـەرەوخوارەن
مەبـۆ وەپاکـی و ڕاسـتی و ڕدا
گرد وات وێتان نیست‌کەن پەی مودا

ئەڵبەت لە سەرچاوەیەکی دیکەدا جگە لەم چوار بنەمایە کە باسمان کرد بنەمایەکی دیکەش زیاد دەکات بەم چوار بنەمایە و ئەویش پیرۆز ڕاگرتنی ئاگر، ئاو، با و خاکە کەوا مرۆڤ و ژینگە و ئاژەڵ و ڕوەکیش لەخۆ دەگرێت و ئەم ڕەهەندەش هەتا ئێستا لە جەم ئێزدی و زەردەشتیش هەر ماوە و تەنانەت ئێزدییەکان لە سەر ئەم بابەتەی دوایی قەول و سەبەقیان هەیە.(د.مەهدی کاکەیی،٢٠١٧: ٦٠)

## قوربانیکردن لە ئۆلی یارساندا

لە هەموو ئایینەکاندا قوربانیکردن هەیە و شێوازی جۆراوجۆر تێدا پەیڕەو دەکرێت، تەنانەت هەر ئایینێ ڕێورەسمی تایبەتی هەیە بۆ ئەم نەریتە، بەڵام دەبێت بزانین شتێکی گرنگە، چونکە لە نێو زۆربەی ئایینەکاندا ڕەنگدانەوەی تایبەتی هەبووە و وەهایش دیارە فەلسەفەی گرنگی لە پشتە کە هێندە بۆی دائەچن و لێی ورد ئەبنەوە. ئەم نەریتە جۆرێک ڕێگە خۆشکردنە بۆ خاوێنبوونەوە و کوشتنی نەفسی سەرکێشی دەروون کە مرۆڤ بە کوشتنی باشترین شت لە ماڵ و سامانەکەی پاڵ بە دنیاپەرستییەوە دەنێت و بۆ دۆزینەوەی درگای بەختەوەری و پەڕینەوە لە نەهامەتی ئاژەڵێک یان شتێکی بەنرخ وەک قوربانی ناو لێدەبات و لە کاتێکی تایبەتدا پێشکەش بە ئەو هەقەی دەکات کە دەستەوداوێنی بووە.

له ئایینی یارساندا قوربانی بەرزترین بەهای هەیە، چونکە ئەو شتەیە کە خۆی فیدای حەق دەکات و ئەم کارەش لە تایبەتمەندییەکانی ئەم ئایینە دێتە ئەژمار. یارسانەکان چەندان بایەخ بە نوێژکردن نادەن، بەڵام زۆرتر نیاز دەکەن و بڕوایان وایە بە دانیشتن لە جەمخانە و نیازدان، ئەمری یەزدانیان جێبەجێ کردووە و بەرپرسایەتی لە کۆڵیان کەوتووە. نیاز یەکێک لە پێنج شێوازی قوربانیکردنی یارسانە کە تاکی هەژار و دەستکورتی یاری بەوپەڕی لارەملی و سەرکزییەوە پێشکەشی خودای دەکات. ئەگەر ڕۆژی هەینیش ئەم کارە بکات بە جێگەی نوێژی یەک حەوتە قبووڵ دەکرێت؛ وەک بڵێی تاکی یارسان بۆی هەیە هەموو حەوتەیێ قوربانی بکات بەپێچەوانەی ئۆلی ئیسلامەوە کە تەنها لە جێژنی قورباندا بەجێهێنانی ئەم نەریتە بۆیان دروستە. لە ئایینی یاریدا باس لە چواردە جۆر قوربانی خوێندار و بێخوێن کراوە؛ بۆ نموونە کەڵەشێر، مەڕ، گا و گوێر، وشتر و هتد. ئەڵبەت هەر ئەم ئاژەڵانە ئەگەر کێوییەکەی قوربانی بکرێت دەبێت نێر بێت و قەڵەو و ساغیش بێت یانی ئەگەر مێ بێت یان کز و کوێر ئیدی لایان پەسند نییە؛ بەڵام بۆچی کەڵەشێر لەو هەموو پەلەوەرەدا ناوی هاتووە ئەوەیە

که لە نێو یارساندا زۆر پیرۆزە و تەنانەت لە کەلامدا باسی لێوە کراوە و وەک مزگێنیدەری ڕۆژ و ڕاونەری تاریکی ناسێنراوە. قوربانیکردنی ئەم پەلەوەرە ڕەسمی تایبەتی خۆی هەیە و نابێت کەمتر لە شەش مانگ بێت واتە دەبێت لە خەم ڕەخسابێت؛ ئەڵبەت پێشتر وتمان کە هەندێ لە یارسانەکان گۆشتی کەڵەباب ناخۆن بەس وەها دیارە گشتگیر نەبێت. لە نێو ئێزدیشدا جێگای بایەخە و تەنانەت زۆرجار تاوسی مەلەک لە شێوەی کەڵەشێردا پیشان دراوە و بڕگەیێ لە مەسحەفا ڕەشی تەرخان کردووە بە خۆیەوە. بۆ وشتر و مەڕ و گایش نابێت کەمتر لەساڵێ تەمەنی بێت واتە بە یاسای سروشتی دەبێت ڕەگەزی مێی ئەو ئاژەڵە لەو ساڵەدا بتوانێ ئاوس ببێت کەچی لە ئیسلامدا دەبێت سێ قوربانی دیتبێ یانی سێ ساڵی پڕ کردبێتەوە و هیچ نوقسانییێ لە جەستەیدا نەبێت.

یەکەم قوربانی کە خۆی فیدای هەق کرد کەڵە زەرد بوو، هەربۆیە هەر شتێکە لای یارییەکان وەک قوربان چاوی لێدەکرێت بەهای مەعنەوی لە لووتکەدایە؛ کە ئەم شیاوبوونەی دەبێت بەهۆی ئەوە بێ سێ و دوو بگاتە بەردەم حەق. لە جەمی یاریدا ئەو کوشتە کە سەریان دەبڕی بە دۆعا و نزا تەوەڕکیان دەکرد و  پاشان دەیانکرد

به یخنی شۆربا، لەم نەریتەدا ناوی خاوەنکار و حەفتەوانە دەخوێنرایەوە، ئەڵبەت ئەم شتە هێندە پیرۆز بووە کە تەنانەت لە کاتی خواردنیشدا ئێسقانەکەیان نەدەشکاند هەتا بەهای دانەبەزێت، هەر لە ئیسلامیشدا چوار پاچکەی ئەو ئاژەڵە دەبڕن و لە شوێنێک شیاو لە چاڵی دەکەن کە ڕەنگە فەلسەفەیکی هاوشێوەیان هەبێت، بەڵام من پێم‌وایە بۆ ئەوە بووە هەیکەلی بمێنێت بۆ ئەوەی لە دۆنادۆندا ڕۆح بتوانێ تێدا جێ بگرێت. لە نێو ئێزدییەکاندا کە لە باری بیر و بڕواوە لە یارسان نێزیکن نەریتی هاوشێوەیان هەیە و لە جێژنی جەمادا گایەک دەکەنە قوربانی و بڕوایان وایە کەوا لە هەر تنۆکە خوێنێکی ئەو ئاژەڵە ژیانێک دروست دەبێت و تەنانەت سروشت دەبووژێنێتەوە، کە بە تۆزێک وردبوونەوە دەردەکەوێ کە لە هەموو ئایینەکاندا گەرچی خوێن ئەدرێت، بەڵام ڕچە شکاندنێکە بۆ ژیانەوەی مەعنەوی و مادیش. دەڵێن پیر میکایل دەودانی لە ڕۆباری سیرواندا دەگاتە خزمەتی حەزرەتی سوڵتان و پاش قەیرێ گفتوگۆ سوڵتان بە موعجیزە ماسییێکی برژاوی پێدەدات و پێ دەڵێت بیخۆ، بەڵام ئێسقانەکەی مەشکێنە؛ ئەویش ئەم کارە دەکات، کەچی سەرلەنۆ بە ئەمری سوڵتان ماسی زیندوو دەبێتەوە

و دەڕواتە نێو ئاوی سیروان.

سوڵتان مەڕەمۆ:

گۆشتش بکەر نۆش سقانش مەشکەن،

گۆشتش بکەر نۆش

ئەگەر بشکەنی ڕزمو سقانش،

ڕۆحش نە ختوور مەبۆ ئەمانش

مەبۆ ئەمانش ڕۆحش نە حوزوور

سقان شکنا نەکەری دەستوور

هەرکەس نە جەمدا سقان بشکنۆ،

کۆگای کردارش گردش مەڕمنۆ.

واتە: ئەگەر کەسێک ئەم فەرمانگەلەی سەرەوە بەجێ نەهێنێت وەک ئەوە وایە کارێکی بێ هۆی کردبێت و نە تەنها خێری بۆی نابێت بەڵکوو چاکەکانیشی دەسڕێتەوە. (مورادی،١٣٩٦: ژ.٣٦٣. ل٢)

## ئامێری مۆسیقا و ڕوانگەی یارسان لەمبارەوە

وێڕای هەموو ئەم مژارانە کەوا باسمان کرد، بابەتێک هەیە کە زۆر جێگای سەرنجە و لە گشت ئەم قۆناغانەدا جێگەی تایبەتی خۆی هەیە و بە جۆرێک شوێنپێی داناوە کە ناکرێت لەمەڕ ئەو شتە لووتەلا بین و ملی لێبادەین، ئەویش ڕێکخستنی گشت ئەم سروود و نەریت و ڕێوڕەسمانەیە لەگەڵ نەوا و نەغمەی مۆسیقای ڕەسەن بە تایبەت تەمووره کە وەک سازێکی ئەهوورایی و ئیزەدی دەیناسن و بە نەغمەی حەزرەتی حەقی دەزانن. بازنەی بەها و بایەخی ئەم ئامێرە لە ناوچەی کرماشاندا هی دوو هەرێمی سەحنە و کرێندە، بەڵام لەمێژە نەوای خۆی تێکەڵی خوێنی خەڵکانی ئەم هەرێمانە کردووە و نیگارەکانی لە سەر قوڕ و بەرد لە گردەکانی کەیوان و بەنییۆنسی مووسڵ، شووشی خووزستان کە مێژینەی

شەش‌هەزار ساڵەیان هەیە ماوەتەوە. لە ئایینی یارساندا جگە لە «تەموورە» وەک ئامێرێکی پیرۆز لە مۆسیقای دیکە ناو براوە. لە پەرتووکی سەرئەنجام کە کتێبێکی دینییە و تایبەتی وتووێژی سوڵتان ئیسحاقە لەگەڵ هەڤاڵەکانیا، سوڵتان بە بەستنی پەیمانێ لەگەڵ دۆستانی کە بە «بیا و بەسی» پردیوەر بەناوبانگە، ئایینی یاری بە شێوەی ئەمڕۆژی ئاشکرا کرد. هەڤالانی سوڵتان ئیسحاق کە حەفتەن، حەفتەوانە، چل‌تەن، حەفت بێژەر، نەوەدونۆ پیر، حەفت سەقا، حەفت سازچی، حەفتاودوو پیر و هتد بوونە، لە بەردەم سوڵتان و یاراندا وێڕای ناساندنی خۆیان و ئەو کەسانەی کە هێمای فەڕی خودا بوونە لە ڕابردوودا، دەوری خۆیان لە گۆڕانکارییە مێژووییەکانی پێوەندیدار لەگەڵ ئەو سەردەمانەدا ڕوون دەکردەوە؛ یەکێک لەو کەسانە شا خوەشین لوڕستانی بووە کە لە کۆتایی سەدەی چوارەم و سەرەتای پێنجەمی کۆچیدا دەژیا. لە یەکێک لە دەورەکانی سەرئەنجامدا بە ناوی «گەواهی دوون» نەوەدونۆ پیری شاهۆ وێڕای ناساندنی دوونەکانی خۆیان لە ڕابردوودا  کەسایەتی خۆشیان لە سەردەمی شاخوەشیندا شرۆڤە دەکرد و گەوایان ئەدا کە هەرکامیان ئەرکی ڕێنوێنی نۆسەد کەسی لە ئەستۆ بووە، هەر بۆیە

سەردەمی شاخوەشین بە نۆسەد نۆسەدەش ناوبانگی هەیە. یەکێک لە جوانییەکانی ئەم سەردەمە ئەوەیە کە نزیکەی چل ودوو کەس لەمانە خۆیان بە مامۆستا و ژەنیاری مۆسیقا دەناسێنن و یەکێک وەستای سوارکاری و یەکێک مامۆستای گۆرانیبێژی و ئەوی دیکە ژەنیار و سەماکەرە. بۆ نموونە لە بەیتەکانی کەلامدا ئاماژە بە هونەریان کراوە.

پیر جەبار مەڕەمۆ:

نامیـم سـەیاد بـی چـا لوڕسـتانە

بـاش ناقـووس‌ژەن بیـم چـە خەیمەگانـە

پیر وشیار مەڕەمۆ دەڵێت:

نامـم قوبـاد بـی هـەم چـا لوڕستان

باش تەنبوورژەن بیم چا گاهـ بیابان

کوردەکانی یارسان یان ئەهلی حەق کە لە شارەکانی کرماشان، کرێند و ناوچەکانی دیکەی کوردستان نیشتەجێن، گرنگی زۆر بە مۆسیقا ئەدەن و بە لایانەوە شکۆدارە.

تەموورە یان تەمبوور (تەنبوور، تەموور، تەمیرە یان تەموورە) ناوی ئامێرێکی مۆسیقایە. ئەم سازە لە کاسەیەکی بچووکی باڵدرێژ پێکهاتووە (وەکوو سێ‌تار) کە هەر لەمێژەوە لە ناو

ئێرانیەکاندا بە تایبەت کوردەکان باو بووە، کە چوار تاڵ ژێی بە سەردا تێدەپەڕێ و بە قامک دەژەنرێت. تەموور سازێکی تایبەتی ئایینی یارسانە کە زۆرتر لە ناوچەکانی کرماشان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان باوە، شوێنکەوتووانی ئایینی یارسان وەک سازێکی پیرۆز لە بۆنە ئایینییەکاندا کەڵکی لێوەردەگرن. لە زمانی کوردی و لە ناو کورداندا تەمبوور بە چەن ئامێری جیاواز دەبێژرێت. لە باکووری کوردستان بە دیوان دەڵێن تەمبوور و لە ناو کوردەکانی خوراسانیشدا بە دووتار دەڵێن تەمبوور.

تەنبوور یان تەموورە لە سەردەمی شاخوەشین بە دواوە بوو بە ئامێرێکی مۆسیقایی پیرۆزی ئایینی یارسان و لە نەریتە ئایینیەکاندا تەموورەیان دەژەند؛ ئەویش بە شێوەی بازنەیی تەموورەیان لە یەک ئەدا و بە دەم سروودەوە ئەم ئامێرەیان کۆک دەکرد. ڕەنگە ناوی ئەم سازە هەر لەم وشەوە هاتبێت کە کاتی ژەنینی ئەم ئامێرە تەموورەیان لە یەک ئەدا و بە شێوەی بازنە لە کن یەکتری دادەنیشتن. تەموورە (١۴) پەردەی هەیە و خاوەنی چەند مەقامە کە گرنگترینیان بریتین لە: ١. حەقانی(کەلام): ئاوازەکانی پێوەندیدار بە کەلامی نووسراوە بەم مەقامە دەخوێننەوە و ڕێز و پیرۆزی تەموورەیش هەر هی ئەم مەقامەیە و

لە زۆربەی سەردەمەکاندا بەم ناوە ناسراوە. بە زۆری شێعرەکانی کەلام و سەرئەنجام بەم مەقامە دەخوێننەوە و کەلامە سەرەکییەکان کەوا دەورەیکی ٧٢ کەلامەیە لەخۆ دەگرێت و بە کەلامی پردیوەریش ناوبانگیان هەیە ٢. مەقامی مەجلیسی(باستانی یان کەون): لەم بەشەدا نزیکەی ١۴ هەتا ٢٠ مەقام بەرچاون و بە زۆریش بە تەموورە بەڕێوە دەچن، بەڵام سازەکانی نەرمەنای، دەهۆڵ، دووزەلە و شمشاڵیش تێدا بەکار دێت، ئەڵبەت تەموورەژەنەکان هەندێ جار ئەم مەقامە بە مەقامی یاری نازانن ٣. مەقامی مەجازی یان گۆرانی: مێژووی لەوانی دیکە کەمترە و تەواوی گۆرانییەکانی کوردی لەم ڕستەدایە. تەنانەت خوێندنەوەی شانامەش لەگەڵ لێدانی تەموورەدایە و بڕگەکانی شانامە وەک نیایشەکانی «کەلامە» لە ئۆلی یارساندا. (ماڵپەڕی ویکیپیدیاwikipedia)

ئەڵبەت مۆسیقا لە نێو ئایینە کوردییەکاندا هەیە و ئێزداتیش وەک یارسان سروودەکانیان لەگەڵ مۆسیقا ڕێکدەخەن و بە دەف و شەباب(شمشاڵ) ژەنین هەوێنی ڕۆحی بابەتەکە زێدەتر دەکەن. لە بۆندەهێشدا باسێک لە سەر بانگ و دەنگە پیرۆزەکان هاتووە کە بانگی تەموورە و چەنگ بە بانگی چاکەکاران دەزانێت و پێی وایە

دەقە پیرۆزەکانی ئاوێستایی پێڕای ئەم ساز و نەواگەلە دەخوێنرێتەوە (دادگی فرنبغ،١٣٨٠: ٩٣). لە پەرتووکی درەختی ئاسووریکدا کە ١٢١ بڕگەیە، لە بڕگەی ١٠١ ئاماژە بە پێنج ئامێری مۆسیقایی باش دەکات کە یەکیان تەموورەیە (طبری احسان:١٠١). لە کارنامەی ئەردەشیری بابەکانیشدا هاتووە کاتێ کە ئەردەوان، ئەردەشیر لە زیندان دەخات کاتی خۆی بە گۆرانی وتن و تەموورە ژەنینەوە تێپەڕ دەکات. هەمووی ئەم باس و ڕاسانە ئاماژەیە بە پیرۆزی ئەم ئامێرە و جێگەی تایبەتی هەبووە لە ئێران و میزۆپۆتامیا کە لە ئاسەوارناسیشدا ئەمڕۆکە نیگارە و وێنەکانی ئەدۆزرێتەوە و بایەخی لەمێژینەی زۆرتر ڕوون دەبێتەوە. (فروشی بهرام، ب٢: ٣٣)

دەف وەکوو دایەرە وایە بەم جیاوازییەوە کە بەرزی بازنەکە لە دەفدا زۆرترە و سازێکە لە سازە زەربیەکان لە نێو مۆسیقای کوردی و ئێرانیدا. دەف لە بازنەیەکی دارین دروست بووە کە پێستێکی ناسکی پێدا دراوە و لە دیوی ناویەوە کۆمەڵێک زنجیر یان بازنەی بچووکی لێ هەڵواسراوە. لێدانی دەف هەر وەک دایەرە وایە کە بە دەستی چەپ ئەیگرن و بە دەستی ڕاست لێی ئەدەن و ئەیژەنن. یارسانەکان لە ڕابردووا لە جەمخانە و شوێنە ئایینیەکاندا دەفیان بەکار

ئەهێنا، بەڵام ئێستا زیاتر لە تەمووره کەڵک وەرئەگرن. لە سەردەمی پێش هاتنی ئیسلام بۆ کوردستان، دەف لە نێو مۆسیقای کوردی و ئێرانی هەر وەکوو سازەکانیتر بوونی هەبووە؛ بەڵام بەهاتنی ئیسلام کە هەندێ مامۆستا مۆسیقایان حەرام کرد کەسانێک بۆ پاراستن و بەرگری لە فەوتان لە خانەقا و تەکیەکان نەوای ئەم ئامێرەیان تێکەڵی سروودە ئایینیەکانی ئیسلامیش کرد بەجۆرێک کەوا بووە بەشێک لە خانەقا و زیکر و سەمای دەروێشانی کوردستان، زیکر و سەمای دەروێشانی تەریقەتی قادری و کەسنەزانی و هتد لە کوردستان بە ئامێری دەف دەکرێ و هەر بەمبۆنەیەوە (٧) بۆ (١٠) مەقامیان بۆ داناوە کە لە باری مۆسیقاییەوە هەرکامیان لەسەر ڕیتمێکن. دەف لە کوردستاندا هەنووکەش سازێکی پیرۆزە و جگە لە ڕێبازە دەروێشیەکانی ئیسلام، ئێزدییەکانیش لە کاتی خوێندنی قەول و سەبەقی تایبەت بە ئایینەکەیاندا بەکاری دێنن و وەک ڕەمزێکی پیرۆز چاوی لێدەکەن.

بەکورتی ڕەوشی ئایینی نەتەوەیی لە کوردستاندا بەرزی و نەوی زۆری تێپەڕاندووە و گەلێک گۆڕانی بە سەردا هاتووە، بەڵام زۆربەی نەریتەکانیان هەر بە پوخت و پەتی ماونەتەوە و تەنانەت وەک هێمای نەتەوەییش سەیر

دەکرێن، بۆ نموونە وەک ئۆلی نەتەوەیی لێیان دەڕوانن کە سەردەمانێک وەک قەڵای بەرخۆدان لە هەمبەر هێرشی ئیسلامدا بەرگرییان کردووە و نەتەوە پەرستەکان زۆر بە ڕێزەوە سەیریان دەکەن. مۆسیقا و سروودە ئایینیەکانیشیان وەک نموونەی هەرە ڕەسەنی بواری ئاواز و نەغمەی کوردی سەیر دەکرێن کە بە ڕاستیش ڕەگی لە سەر سینگی مێژووی ئەم نەتەوەیەدا داکوتاوە و هەتا ئێستاش هەر باڵای پڕ لە شکۆی هونەری خۆی لە سێبەری ئاییندا قنج و قیت ڕاگرتووە و نەوی نەبووە.

# سەرچاوەکان

سەرچاوە کوردییەکان:

١. کلاوس موولێر؛ بابەتێک لە سەر کلتوورەکان کە لە پەرتووکی (نگاهی گذرا به فلسفه یارسان دکتر گلمراد مرادی) باس کراوەتەوە.

٢. تەیب تاهێری؛ کلتووری ئۆرمەن یان ماچۆ، وەرگێرانی بۆ کوردی: محەممەد مورادی، پوختەیەک لە دەقەکە، ١٣٩٥.

٣. سیروان داریانی (کاک‌ئەسکەندەر مورادی)؛ دەستنووسەکانی.

٤. جەماڵ نەبەز؛ فەلسەفە و ڕامانی یارسان لە فەرهەنگ و ڕامانی کوردەواریدا، دەقی سمیناری ٢٦ ئاپریلی ٢٠٠٨ لە یۆتۆبۆری.

٥. عەلی میردەرویشی؛ کەلام و دەفتەری دیوانە گەورە؛ لە دەقە پیرۆزەکانی یارسان، ١٣٨٨

٦. ئەنستانس ماری کەرمەلی؛ مەسحەفا ڕەش، پەرتووکی پیرۆزی ئێزدییەکان (بیبلیۆگرافیای ئێزداتی)، وەرگێڕانی نەجاتی عەبدوڵڵا، بنکەی ژین، ٢٠٠٦.

٧. مورادی (باقلاوایی)محەممەد؛ وتارێک لە سەر دۆنادۆن،

ڕۆژنامەی شەرق، ژمارە ٢٨٤٥(شەممە٢٢ ئاوریل ٢٠١٧)، لاپەڕەی ٥ و هەروەها ماڵپەڕی بیرکردنەوە:
http://birkrdnawa. Com/Article – ٨١٧٥

٨. مورادی (باقلاوایی )محەممەد؛ قوربانی کردن لە ئۆلی یارساندا، ئەم بابەتە لە حەوتەنامەی سۆران؛ ژمارە(٣٦٣٣١ جۆزەردانی ٩٦)، چاپ کراوە.

٩. د. مەهدی کاکەیی؛ گۆڤار ڕۆشەنبیری و وەرزیا لالش؛ وتارێک ل سەر ئۆلا یارسان، ژمارە (٤٢)، ژ وەشانا دەستەیا بلندا بنگەهێ لالش، دهۆک، هاڤینا ٢٠١٧.

١٠. کۆڤان خانکێ(کۆڤان ڕێسان حەسەن)؛ هزر و فەلسەفە د ئەدەبیاتا دینێ ئێزدیان‌دا و کارتێکرنا وان ل سەر هۆزانا کەڤن و نویا کوردی، چاپا ئێکێ، ٢٠١٦، دهۆک.

١١. خەلیل جندی ڕەشۆ؛ پەرن ژ ئەدەبێ دینێ ئێزدیان، بەرگێ ئێکێ، چاپا ئێکێ، دەزگەها سپیرێز، دهۆک، چاپخانا وەزارەتا پەروەردێ،٢٠٠٤.

١٢. مورادی (باقلاوایی) محەممەد؛ زەروان و زەڕدەشت، کانی کتێب، ١٣٩٥.

١٣. تەیب تاهێری؛ ساڵپێوی ئاریای کوردی (سەرئەنجام دەورەی کەیهان)، وەرگێڕانی: هاوار بەهمەنی، چاپی یەکەم، دەزگای جاپ و پەخشی موکریانی، هەولێر ٢٠١٠.

١٤. سدێق سەفی‌زادە(بۆرەکەیی)؛کاکەییەکان و ڕێ و ڕچەکەیان، لاپەڕەی ٢٧، حکومەتی هەرێمی کوردستان،

وەزارەتی ڕۆشنبیری بەڕێوەبەرایەتی گشتی چاپ و بڵاوکردنەوە، زنجیرە(١١١)، ٢٠٠١.
١٥. ناوکا؛ ئیسلام فەرهەنگی ئێنسکلۆپیدی، مۆسکۆ، ١٩٩١.
١٦. دیوانی زوڵفەقار.
١٧. سروودە ئاینییەکانی یارسان.
١٨. دەستنووسی کاکاڕەدایی و سەرئەنجامی سەردەمی شاخوەشین؛ بە پێی بەڵگە نووسراوەکانی بۆرەکەیی.
١٩. د. ڕەشاد میران؛ ڕەوشی ئایینی و نەتەوەیی لە کوردستاندا، بڵاوکردنەوەی سەنتەری برایەتی(زنجیرەی ٧)، چاپی دووهەم، کوردستان، ٢٠٠٠.

سەرچاوە فارسییەکان:
٢٠. م.ع، خواجەالدین؛ تاریخ و شرح عقاید دینی و آداب و رسوم اهل حق، کتابخانە منوچهری، تهران
٢١. فرەوشی بهرام(ترجمە)؛ کارنامە اردشیر بابکان، بخش ٢، بند ١.
٢٢. طبری احسان؛ درخت آسوریک بند ١٠١
٢٣. دادگی فرنبغ؛ بندهش، گزارندە: مهرداد بهار، انتشارات توس، چاپ دوم، پاییز ١٣٨٠ تهران.
٢٤. طیب طاهری؛ بانگ سرحدان، انتشارات مکریانی، چاپ یکم ٢٠١٣، اربیل کردستان.
٢٥. یاسمی رشید؛ کرد و پیوستگی نژادی او، تهران ١٣١٦.

۲۶. محمد مردوخ؛ تاریخ کرد و کردستان، انتشارات شوان، چاپ اول، ۱۳۹۵
۲۷. گلمراد مرادی؛ نگاهی گذرا به تاریخ و فلسفه اهل حق (یارسان)، هایدلبرگ آلمان، بهار ۱۹۸۶.
۲۸. امین زکی؛ خلاصه تاریخ الکرد و الکوردستان، بغداد ۱۹۶۱.
۲۹. صفی‌زاده صدیق؛ بزرگان یارسان، تهران۱۳۵۷.
۳۰. صفی‌زاده صدیق؛ نوشته‌های پراکنده درباره یارسان (اهل حق)، انتشارات موسسه مطبوعاتی عطایی، چاپ اول، تابستان ۱۳۶۱.
۳۱. سید محمد علی خواجه‌الدین؛ سرسپردگان، تبریز ۱۳۴۹
۳۲. پورداوود ابراهیم؛ اوستا؛ سازمان انتشارات فروهر، ۱۳۵۳ تهران.
۳۳. نیازی احمدعلی؛ نگاهی تطبیقی به آموزهای تناسخ در ادیان هندی و رجعت معرفت کلامی؛ پاییز ۱۳۹۰.
۳۴. صفی زاده صدیق (بورکه‌ای)؛ سرانجام یا کلام دوره خزانه؛ نشر هیرمند۱۳۷۵.
۳۵. تورات؛ سفر پیدایش، بخش۱، آیه‌ی۱ تا ۳۱.
۳۶. طاهری طیب؛ موضوع: نگاهی بر نسخ کلامی یارسان، کشکول (فصلنامه تخصصی اسناد و نسخه‌های خطی مناطق کردنشین)، سال دوم، شماره ۳، پیاپی ۷، بهار ۱۳۹۶.
۳۷. سایت جهانی wikipedia